گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٨٥)- (٢٠)ی ئەیلول ٢٠٢١

# کاندیدانی پارتی متمانە و ئومێد

## دەنگمان بۆ کاندیدانی پارتی یە




بۆ داهاتوویێکی باشترو
وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...
ژ بۆ داکۆکیکرن ل مافێن
تورکمان، کلدان سریان ئاشوور،
ئەرمەن و سابیئەیێن مەندائی،
دەنگی ب بەریژارێن پارتی بدەن.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

**لە پێناو ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدە**

**لە پێناو دادپەروەری و یەکسانی لەبەردەم یاسادا دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدە**

**لە پێناو دامەزراندنی سیستەمێکی پێشکەوتووی تەندروستیدا، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

**لە پێناو سیستەمێکی پێشکەوتووی پەروەردەدا دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

**بۆ چەسپاندنی بنەماکانی: سازان، شەراکەت و هاوسەنگی لە عێراقدا، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن**

**لە پێناو پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیاندا، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەین**

**بۆ دابینکردنی مافەکانی منداڵان، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەین**



# بۆ ئەوەی پرسە نەتەوەییەکانمان لە بەغدا لە دەستێکی ئەمیندا بن، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین



**د.چنار سەعد عەبدوڵا**
ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پێش هەموو شت و لەسەر ئاستی هەموو عێراق، هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژاردنی پێشوەختە و ناچارییە، کاتێکیش لە هەر وڵاتێکدا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە دەدرێت، مانای ئەوەیە کە ناسەقامگیریی سیاسی و حکوومی لە وڵاتدا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت کێشەکان چارەسەر ناکرێت و، پێویستی بە سەرلەنوێ تازەکردنەوە و هەیکەلەیەکی تازەی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتی فیدراڵی و، بەشداریی نوێنەرانی کوردستان لەو هەیکەلە تازەی حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا، هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە، چۆن لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ کە دووبارە هەیکەلەی دەوڵەتی عێراق بونیاد نرایەوە، لایەنی کوردستانی بە بەهێزی بەشداریی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێیان کرد، ئەوا ئەمجارەش دەبێت هێزی سەرەکی و کاریگەریی لایەنی کوردستانی لەو پرۆسەیەدا هێز و کاریگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چۆن ئەو کات بەشێکی زۆری مافەکانی گەلی کوردستانمان لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا چەسپاند، ئەوا ئەمجارەش دەبێت هێز و کاریگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەمیشە هەوێنی یەکڕیزیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بووە لە بەغدا، هەموو هەوڵێك بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو مافە دەستوورییانە بە ماددەی ١٤٠یشەوە جێبەجێ بکرێن و، میکانیزمی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی دەستووردا لە عێراق بێتە ئاراوە.

لەم چەند دێرەی پێشەوە، مەبەستم بوو دوو دیمەنی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق بە گشتی و، پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی بە تایبەتی بخەمە ڕوو، کە بریتین لە:

١- پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە ئاستیکی هێندە شپرزە و ناسەقامگیردایە کە خۆیان دەڵێن لە دووڕێیانی دەوڵەت و نادەوڵەتین.

٢- لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمیش لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی، ئاستێکی هێندە خراپە کە لە هیچ ڕوویەکەوە لە پەیوەندیی نێوان هەرێمێك و دەوڵەتێکی فیدراڵی ناچێت و، ئەو دەستوورەی کە ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی لەسەر دروست کراوەتەوە، هیچ ئیعتیبارێکی بۆ ناکرێت.

**هەرێمی کوردستان لە ژێر سایەی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆک بارزانی بووەتە سەنتەری ئەو پرۆژەیەی کە بۆ عێراقی دوای هەڵبژاردن ئامادە کراوە**



**هیچ پارتێکی فەرمانڕەوا نەیتوانیوە بەهەشت بۆ هاووڵاتیانی دروست بکات، بەڵام گرنگە ئەو پارتە ڕێگە نەدات کە دۆزەخ لەناو وڵات و کۆمەڵگەدا دروست ببێت**

بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەم پاشاگەردانی و ناسەقامگیری و نادەوڵەتییە، ئێستا هاوکارییەکی گەورە بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانان هاتووەتە ئاراوە و، لە ناو ئەم هاوکارییە نێودەوڵەتییەشدا، بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەم پاشاگەردانییە و هەنگاونان بەرەو ئاشتی و پێکەوەژیان و ئاوەدانی، هەرێمی کوردستان لەژێر سایەی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی بووەتە سەنتەری ئەو پرۆژەیەی کە بۆ عێراقی دوای هەڵبژاردن ئامادە کراوە، ئەوجا بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەم پرۆژە چارەنووسسازەدا گەورە و دیار بێت، ئەوا ئایندەی هەرێمی کوردستان داوامان لێ دەکات دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین.

پرۆسەی هەڵبژاردن هێزێکی نەرمە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ئاشتییانە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە چەکە بەهێزەکەی دەستی – هێزی نەرمە- لە میانەی پرۆسەی سەرکەوتووی حوکمڕانی لە هەرێمدا (لەگەڵ ئەوەی هێشتا خۆمان زۆر لێی ڕازی نین و کەموکورتییەکانمان لەبەرچاوە) توانیویەتی سەرنجی جیهان بۆ ئەو پرۆسە سەرکەوتووە ڕابکێشیت و، وەك نەخشە ڕێگەیەك بۆ پرۆژەی بونیادنانەوەی عێراقی دوای ئەم هەڵبژاردنە، بیکاتە بەشێك لەو پرۆژە نێودەوڵەتییەی کە دەیانەوێت هاوکاریی عێراق بکەن و، لە نادەوڵەتییەوە بیگێڕنەوە بۆ دەوڵەتێکی سەقامگیر و ئاوەدان.




ئەمە داوامان لێ دەکات کە ئەو کوردستانە بەهێزەی لۆژیکی بارزانی و پارتییش وەك میکانیزم نەخشەی بۆ داڕشتووە، هەر دەبێت بە بەهێزی بمێنێتەوە و، ئەم بەهێزییەش بەوە دەمێنیتەوە کە هەموومان بە چەکە نەرمەکەی دەستمان کە کارتی دەنگدانە، بچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین.

لە دوماهی ئەم پەیامە کورتەمدا، دەمەوێت ئەو پەیامە بە هەڤالانی پارتەکەم بدەم و پێیان بڵێم: هەڤاڵان لە بیرتان بێت پارتەکەتان پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی فەرمانڕەوای کوردستانە، ئەوجا وەك لە زانستی سیاسەتیشدا لەسەر ئەم پرسە ئاماژەی پێ کراوە، هیچ پارتێکی فەرمانڕەوا نەیتوانیوە بەهەشت بۆ هاووڵاتیانی دروست بکات، بەڵام گرنگە ئەو پارتە ڕێگە نەدات کە دۆزەخ لەناو وڵات و کۆمەڵگەدا دروست ببێت، لەم ڕووە سەربەرزین لە ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان و بەرەو پیشەوە چوونەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئاوەدانی و بەرەوپێشچوونەکانی کوردستان هەر بەردەوام بن، هەر دەبێت دەنگ بە پارێزەرانی کوردستان بدەین، کە ئەوانیش بە پلەی یەکەم کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانن.


چاوەڕوانی هیممەتی پێشمەرگانەی سەر سندوقەکانی دەنگدانین. سڵاو لە خۆڕاگریتان، سڵاو بۆ شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانی-ی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

**بۆ ئەوەی ئاوەدانی و بەرەوپێشچوونەکانی کوردستان بەردەوام بن، هەر دەبێت دەنگ بە پارێزەرانی کوردستان بدەین، کە ئەوانیش بە پلەی یەکەم کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانن**





# گرنگیی سەردانەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ بەریتانیا



**د.سۆران نابینا**
سەرۆکی پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کوردستان بۆ دیالۆگی نیشتمانی

**سەردانەکەی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەم کاتەدا بۆ بەریتانیا گرنگیی زۆری هەیە، چاوێکی زۆری لە ئاستی جیهاندا لەسەرە و بایەخێکی زۆریشی لەلایەن میدیا و حکومەتی بەریتانیاوە پێ درا.**



لەبەر ئەوەی گەلی کورد بە درێژایی ١٠٠ساڵی ڕابردوو لە ژێر ستەم و چەوسانەوەیەکی بەردەوامی داگیرکەراندا بووە، چۆکی دانەداوە و هەمیشە ڕووبەڕووی نەیارەکانی لە سەنگەرەکاندا بووەتەوە، توانیویەتی بیسەلمێنێت ئیرادەیەکی نەبەزیوی هەیە، توانایەکی نیشتمانسازیی تایبەتی هەیە، بۆیە لە دوای کارەساتە یەك لە دوا یەکەکانی وەك کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفالەکان، کیمیاباران، ڕاپەڕین و کۆڕەوەکەی کوردستاندا، ئەو بڕوایە بۆ ئەوروپی، ئەمریکییەکان و دەوڵەتە زلهێزەکان دروست بوو، کە گەلی کورد بە چەکی کۆمەڵکوژ و، بە چەکی قەدەغەکراو کۆتایی پێ نایەت، بۆیە ناچارن دانوستانێکی ئەقڵمەندانەیان لەگەڵدا بکەن، تا بتوانن وەکو دۆستێکی ڕەسەن و دێرین لە ناوچەکەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و هەنگاوی لەگەڵدا بنێن، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بونیادی کۆمەڵێك پەیوەندیی ئابووری، سیاسی، ئیداری، نیشتمانی و کارگێڕی لەگەڵدا دابڕێژرێتەوە.

جیا لەوەش لەبەر ئەوەی کە سەرۆك نێچیرڤان بارزانی بە درێژایی دەسەڵاتی حوکمڕانی، سەردەمێك سەرۆك وەزیران بووە و، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە سەرۆکی هەرێمە، چەند خاڵێکی گرنگی زۆر بە ڕۆشنبیرانە ڕەچاو کردووە، سەرەڕای ئەوەی وەك سیاسەتمەدارێکی کوردستان ڕۆڵ و پێگەی هەمیشە لە هزری ڕووناکبیران و لێکۆڵینڤانەکاندا ماوە، توانیویەتی باڵانسێك لەنێوان ئاشتی و ئاوەدانی و ئازادی ڕابگرێت، ئەگەر بە ئەرشیفی نێچیرڤان بارزانی-دا بچینەوە، دەزانین ئەم دەوڵەتمەدارە چ لە ڕووی پیشەسازی و بیناسازی لە بونیادی پەیوەندی دیپلۆماسی و تایبەتمەندی و، چ لە ڕووی گەشانەوە و هەستانەوەیەکی بەهێز لە کوردستاندا، ڕۆڵی مەزنی گێڕاوە، بۆیە وای دەبینم: نێچیرڤان بارزانی وەك قوتابییەکی سەرۆك بارزانی بەردەوامە و ئەو دەوڵەتمەدارەیە کە لە سەرکردایەتی و لە ئاستی  حوکمڕانیی کوردی، ملی نەداوە بۆ دابەزاندنی خواستی نەتەوەکەی و هەمیشە داخوازیی گەلەکەی لە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی پۆست و دەسەڵاتدا بووە، بۆیە بە بڕوای من ئەمڕۆ ئەقڵییەتی نێچیرڤان بارزانی لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەسەند کراوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دیپلۆماتکاران، سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەوروپا و ئەمریکا و بەتایبەت لە بەریتانیا هەیە.

بەریتانیاش لێرە مەبەستیەتی بە ناڕاستەوخۆ قەرەبووی دۆخی سایکس پیکۆ بکاتەوە و، بڵێ: ئەو دۆخەی کە بە سەر میللەتی کوردستاندا هات لە ڕێی ئەو بڕیارانەوە، ئێمە وەك شانشینی یەکگرتوو بەشێك نەبووین. (هەر چەندە خۆیان بڕیاریان دا)، بەڵام بڵێ: ئێمە ئێستا ئەقڵییەتمان تازەگەراییەتێکی بەسەردا هاتووە، بیروبۆچوونەکانمان لە پەیوەندییەکانماندا تێڕوانینێکی نوێی بۆ دروست بووە، بۆیە لە دوای برێکزتیشەوە، بەریتانیا مەبەستی بووە

**سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئەو کەسایەتییەیە کە ئومێدی ئایندەی لەسەر بونیاد دەنرێت و هەنگاوەکان بەرەو ئەو ئاراستەیەن ببێتە داینەمۆی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئایندەمان، ئەو دەوڵەتەی کە سەرۆک بارزانی بناخەی بۆ داناوە**



کە بازاڕێکی ئازاد و دۆستێکی حەقیقی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی کە گەلی کورد بەشدارابییەکی کارامە و گرنگی لە شەڕی داعشدا کرد، توانی بۆ جیهانی بسەلمێنێت، ئەوە ئێمەین بەو ئیمکاناتە کەمە بەرەنگاریی هەموو ئەو کەسانە دەبینەوە کە خاوەنی فکرێکی توندڕەون. پێشمەرگە توانی چۆك بە یەك بە یەکی چەکدارەکانی داعش دابدات، بۆچی لە هەر سەنگەرێکدا پێشمەرگە بەرگری کردبێت، داعش لەوێ بوونی نەماوە؟ ئەمە بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی بەردەوامی گەلە سەرکەوتوو و ئاشتیخوازەکان لە جیهاندا و بەریتانیا بە تایبەتی.

بۆیە ئێستا دەزانن نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە دوورە لە میلیشیا و، ئەوانەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردستانیان هەیە، تا ئەندازەیەك متمانەپێکراون، بەشێکیان بۆ ساتێکیش پشوویان نەداوە لە دژایەتیی تیرۆر و، ئەقڵمەندانە هەنگاو بۆ بەرەوپێرچوونی ئەم پرۆسە سیاسییە دەنێت کە بۆ ئەوەی بەهێزتری بکەن، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکەوە بۆ بە ئامانجی دەوڵەتێك بونیاد بنێن.

سەردانەکەی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەم کاتەدا بۆ بەریتانیا گرنگیی زۆری هەیە، چاوێکی زۆری لە ئاستی جیهاندا لەسەرە و بایەخێکی زۆریشی لەلایەن میدیا و حکومەتی بەریتانیاوە پێ درا.

لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێ کردن، دیداری ئەم جارەی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، دیدارێکی مێژوویی دەبێت، کە ئێمە دەزانین لە ئایندەدا چ لێکەوتەیەکی ئەرێنی و گرنگی دەبێت، بۆیە من هیواخوازم جەنابی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەردەوامی هەبێت، بەڵام من لێرە دەمەوێت شتێك بخەمەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە دەزانم ڕۆڵی کاك نێچیرڤان بارزانی لە میحوەرە جیاوازەکاندا چی دەبێت، لۆژیکی ئەم دەوڵەتمەدارە کاریگەرییەکانی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و لەو مێژووەشی کە لە ئایندەدا دێتە بەرهەم لەبیر ناکرێت.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ئەوەی سیاسەتمەدارێکی ئەم نیشتمانەیە، لەگەڵ ئەوەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەتوانم بڵێم داکۆکیکاری مافی لاوانیشە و لە هەر شوێنێك ئێمە ئازارێك و خەمێکمان هەبووبێت، توانیویەتی هەوڵبدا بۆ ڕەواندنەوەی ئەم خەمە و بۆ ڕەواندنەوەی ئەم حەسرەتە، ئەگەر لە هەر شوێنێك ئێمە دڵیشمان شکابێت، بەردەوام دەستی ئاشتی درێژکردووە بۆ سادەترین کادر، هەتا هەڤاڵێك لە مەکتەبی سیاسی، بۆیە سەرۆك نێچیرڤان بارزانی ئەو کەسایەتییەیە کە ئومێدی ئایندەی لەسەر بونیاد دەنرێت و هەنگاوەکان بەرەو ئەو ئاراستەیەن ببێتە داینەمۆی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئایندەمان، ئەو دەوڵەتەی کە سەرۆك بارزانی بناخەی بۆ داناوە.

**نێچیرڤان بارزانی وەك قوتابییەکی سەرۆك بارزانی بەردەوامە و ئەو دەوڵەتمەدارەیە کە لە سەرکردایەتی و لە ئاستی حوکمڕانیی کوردی، ملی نەداوە بۆ دابەزاندنی خواستی نەتەوەکەی و هەمیشە داخوازیی گەلەکەی لە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی پۆست و دەسەڵاتدا بووە**



# ئەو كێبڕكێ كوردستانییە بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكانی عێراق بۆچی؟

ئەو پەرۆشییە چاوەڕواننەكراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراقدا، هاوشانە لەگەڵ چالاكیی دیپلۆماسیی بەرچاوی سەركردایەتیی هەرێمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، سەردانەكەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ بەریتانیا و ئەو پێشوازی لێ كردنە گەرمە، پێشتریش سەردانی سەرۆكی فەرەنسا بۆ هەولێر، دیسان سەردانی پاپای ڤاتیكان و جووڵەكانی دیكە، ئەمانە هەموویان بەڵگەی پیشاندانی وێنەیەكی ڕوون و ئەرێنیی ڕۆڵی گەل و حكومەت و سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستانن لەسەر ئاستی عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا.



سەڵاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پرۆسەی سەربەخۆیی كورد لەوەتەی سەدەی نۆزدەیەمەوە وەك دیاردەیەك، هەمیشە بەشێكی گرنگی كێشە و دۆزی كورد بووە، گەلی كوردستان لە ئەیلوولی ٢٠١٧ بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی دا، بەڵام هەلومەرجی بابەتییانەی ناوخۆ و دەرەوە و تەنانەت ئیرادەی نێودەوڵەتییش لەبار نەبوو بۆ بەدیهێنانی ئەو خواست و ئاواتە ڕەوایەی گەلی كوردستان لەسەر ئەرزی واقیع، پرۆسەی ڕیفراندۆم تاقیكردنەوەیەكی ڕاستەقینە بوو بۆ سەركردایەتیی كوردستان، وەك واقیعێك و خۆگونجاندن بوو لەگەڵ دیاردەی دژبەرەی نێوان ئیرادەی گەلی كوردستان لە لایەك، هەروەها

هەلومەرجی بابەتییانەی زاڵ لەلایەکی دیکەوە، بە درێژایی مێژووی کوردیش هەڵەی زۆر کوشندە لەلایەن هەندێ لە سەرکردایەتییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان ڕووی داوە، چونکە دەستەوەسان بوون لەهەمبەر دەرکردنی بڕیاری گونجاو لە قۆناغە جیاجیاکاندا، کاتێك دژبەرە و ناکۆکی لەنێوان ئیرادەی گەل لە ناوخۆ و نێوان بەرژەوەندییەکانی دەرەکی سەری هەڵداوە.

بۆیە دەبینین کە سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کوردستانی یەکسەر دوای ڕیفراندۆم دەرکی بە بارودۆخەکە کرد و لەجیاتی گرژی و دوای خوێندنەوەیەکی دروستی گشت هەلومەرجەکان، بە هەموو عەقڵانییەتێکەوە پەنای بردە بەر هەڵوێستی واقیعییانەی سیاسی، لەبەر ئەوە ڕێگەی لێکگەیشتنی لەگەڵ ناوەندی فیدراڵی هەڵبژارد، ئەمەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، هەروەها پارێزگاریکردن لەو دەستکەوتانەی بە قوربانیی ئەو میللەتە و ڕێبازی پیرۆزی مستەفا بارزانی بەدەست هاتوون.

سەرکردایەتیی کوردستانی لە عێراق دەرك بەوە دەکات کە بەرژەوەندییەکانی ئاشتی و ڕێککەوتنەکان و سازانی دەستووری سەبارەت بە کێشەی کوردستان لە ئۆتۆنۆمییەوە تا دەگاتە ئەو فیدراڵییە پێشکەوتووەی ئێستا، هەموویان سەرەنجامی چارەسەری نیشتمانیین بۆ کێشەی کوردستانی عێراق، بناغەیەکە کە دەتوانرێت هەموو بوارەکانی هەنووکەیی و ئایندەی لەسەر هەڵبچنرێت، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە بەرژەوەندیی کوردستان لە پێکەوەژیان و تەواوکاریدایە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵ، هیچ ناکۆکییەکیش لەوەدا نییە مادام دەستوور حەکەم بێت، هەروەها ڕێز لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان بگیرێت.

دەتوانین قۆناغی دوای پرۆسەی ڕیفراندۆمی مافی چارەنووس بە قۆناغی گەڕانەوەی کوردستانی بۆ بەغدا و هەموو عێراق ناو بنێین، هەروەها بەشداریی کردارەکی نەك تەنیا بە بڕیاری کوردستانی، بەڵکو بە بڕیاری نیشتمانیی عێراق، لەسەر هەموو ئاستێکی یاسادانان و جێبەجێکردن و بڕیارە سیادییەکان لە دەوڵەتێکی خاوەن سیستەمی فیدراڵدا، کە تا ئێستای لەگەڵدا بێت، بە هەلومەرجی بەهێزکردنی پرۆسەی سیاسیی دیموکراسیدا گوزەر دەکات.

مەرجی بنەڕەتیی فراوانکردنی بەشداریی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی عێراق، بریتییە لە یەکێتیی هەڵوێستی سیاسیی کوردستانی لە بەرنامەی هەڵبژاردندا، هەروەها هەماهەنگیی نێوان لیستە کاندیدکراوەکان و پشتبەستن بە لێهاتوویی لە هەڵبژاردندا، هاوکات خستنەڕووی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کە بۆ هاووڵاتیانی هەرێم و هەموو عێراق گرنگن، لەوەش گرنگتر هەڵبژاردنی دروستی بەهێز و لایەنە عێراقییەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیدا، لەپێناو پێشکەوتنی عێراق و چەسپاندنی فیدراڵی و پەرەپێدانی، هەروەها گەڕاندنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ سەر هەرێم، چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك بەپێی بەندەکانی دەستوور، دیسان بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و بەتینکردنی ڕۆڵی ئیقلیمیی عێراق و نەهێشتنی قەڵەمڕەوەیی ئێران، ڕێگرتن لە سەرکێشی میلیشیا تایفەگەرییەکان، لەپێناو گەیشتن بە عێراقێکی فیدراڵیی ئازاد و دیموکراسی و سەربەخۆ.

مەرجی بنەڕەتیی فراوانکردنی بەشداریی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی عێراق، بریتییە لە یەکێتیی هەڵوێستی سیاسیی کوردستانی لە بەرنامەی هەڵبژاردندا، هەروەها هەماهەنگیی نێوان لیستە کاندیدکراوەکان و پشتبەستن بە لێهاتوویی لە هەڵبژاردندا

کارلێکی گەلی کوردستان و خۆگونجاندن لەگەڵ پەرەسەندنە ئیقلیمی و عێراقییەکان، هەروەها هاریکاریی پتەو لەگەڵ ناوەندا، دەبنە پاڵپشتییەك بۆ چەسپاندنی چارەسەرێکی نیشتمانیی دیموکراسیی کێشەی کورد لە بەشەکانی دیکەدا، ئەم ئەزموونەش دەبێتە نموونەیەك کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوی لێ دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا.

کارلێکی گەلی کوردستان و خۆگونجاندن لەگەڵ پەرەسەندنە ئیقلیمی و عێراقییەکان، هەروەها هاریکاریی پتەو لەگەڵ ناوەندا، دەبنە پاڵپشتییەک بۆ چەسپاندنی چارەسەرێکی نیشتمانیی دیموکراسیی کێشەی کورد لە بەشەکانی دیکەدا

ئەو پەرۆشییە چاوەڕواننەکراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراقدا، هاوشانە لەگەڵ چالاکیی دیپلۆماسیی بەرچاوی سەرکردایەتیی هەرێمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، سەردانەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەریتانیا و ئەو پێشوازی لێ کردنە گەرمە، پێشتریش سەردانی سەرۆکی فەرەنسا بۆ هەولێر، دیسان سەردانی پاپای ڤاتیکان و جووڵەکانی دیکە، ئەمانە هەموویان بەڵگەی پیشاندانی وێنەیەکی ڕوون و ئەرێنیی ڕۆڵی گەل و حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا.




**ئەحمەد کانی**

**ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# هەولێر شارێکی ئارام و گەشاوەیە، بۆیە هەولێرییەکان دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەن

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێری پایتەخت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر جۆش و خرۆشی تێدەکەویت خەڵکی هەولێر بە ژن و پیاو پیرو لاوەوە بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان قەرەباڵغ کردووە، لەناو ئەم ئاپۆرای کەرنەڤالئاسای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، سەبارەت بە گرنگیی پێگەی پارتی لەم هەڵبژاردنە پرسیارمان لە بەڕێز ئەحمەد کانی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد لە وەڵامدا گوتی: (پارتی خاوەنی گەورەترین شۆڕش و قوربانیدانە لەپێناو گەلەکەیدا، مێژوویەك لە خوێن و شۆڕشگێڕی و قوربانیی پێشکەش بە کورد و کوردستان کردووە، خەڵکی کوردستان ئەو شاهێدییە بۆ پارتی دەدەن کە دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەورەی بۆ خەڵکی کوردستان بەدەست هێناوە. لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا کە بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی بەڕێوەچوو، توانرا ڕێککەوتننامەی ئازاری مێژوویی بەدەست بهێنرێت و، کورد بۆ یەکەمجار لە چوارچێوەی عێراقدا، دان بە مافە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانیدا بنرێت، هەر بۆیە هەر کاتێك پارتی بەهێز بوبێت، کورد لە بەغدا پێگەی بەهێز بووە. پارتی خاوەنی قەزییەی کورد بووە و پارێزەری ماف و ژیانی میللەتی کورد و کوردستان بووە، بۆیە سەنگ و پێگەی پارتی هەموو کات لە سەر ئاستی عێراق پێگەیەکی سەنگین و گرنگ بووە).

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی و سەبارەت بە گرنگیی پرۆسەی هەڵبژاردن لەناو سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا و ڕۆڵی پارتی لە پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان، بەڕێز کانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە (لە دوای ڕاپەڕینیش سەرۆك مسعود بارزانی پێشمەرگە و ڕابەری نەتەوەی کورد، لە وتارە مێژووییەکەیدا لەکۆیە یەکەم کەس بوو بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی ڕاگەیاند، ئەزموونی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی گەل و نیشتمان، هەمووی شاهێدیی ئەو ڕاستییە بۆ پارتی و نوێنەرەکانی دەدەن، کە بەرگریکارێکی سەرسەختی قەزییەی کورد و کوردستانییەکان بوون لە بەغدا. کورد لە بەغدا پێویستی بە پارتی بەهێز و نوێنەرانی بەهێز هەیە، نوێنەرانێك کە ڕابردوو شاهێدی ئەوەیان بۆ دەدات پابەندی دیسپلینی پارێزگاریکردن بوون لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، سەرۆك بارزانی فیدراڵییەتی بۆ هەرێمی کوردستان لە عێراقێکدا چەسپاند، کە پڕ بوو لە هێزی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست، لە نووسینەوەی دەستووریشدا مافی هاووڵاتیبوونی لە ناو دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کرد، لە کاتێکدا پێشتر بە وشەیەك ئەو مافەیان بە پێکهاتە و کەمینەکانی ناو عێراق نەدابوو، ئەندازیاری پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن و یەکڕیزی و تەبایی و ئاشتی پارتی بوو، لە بەغدا کاری جدیی بۆ کرد، کە زۆربەی جار لەسەر حیسابی سازش و دەستبەرداربوون لە مافەکانی خۆیشی بووە. لە ڕیفراندۆمدا کە نەك لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو دنیا دەنگۆیەکی وای لێکەوتەوە کە مافە دەستووری و یاساییەکانی کوردی بە هەموو جیهان ناساند و، دنیای بەئاگاهێنایەوە، بەوەی کە گەلێکی گەورە و ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بێ دەوڵەتە و دەبێت پارێزگاریی لێ بکرێت.

لایەنێکی دیکەی قسەکانی وەڵامی ئەو پرسیارە بوو بەوەی ئایا پارتی تاچەند پابەندی بەڵێنەکانی خۆی دەبێت و لە بەرپرسیاریەتی خۆی ناشارێتەوە، لە وەڵامدا بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم شێوەیە جەختی کردەوە و گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی بەرامبەر خەڵك و گەلەکەی ڕای نەکردووە و، لەو پێناوەدا نەك تەنیا قوربانیی داوە، بەڵکو چارەسەری کێشە و قەیرانە گەورەکانیشی کردووە، کەم قسەی کردووە و لەمەیدانی خزمەت و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانیشدا کۆڵی نەداوە، لە شەڕی داعش سەرۆك بارزانی ڕابەرایەتیی پێشمەرگەی کرد و ژیان و کەرامەتی تاکی کوردی لە دڕندەترین دوژمن

**سەرۆک مسعود بارزانی پێشمەرگە و ڕابەری نەتەوەی کورد، لە وتارە مێژووییەکەیدا لەکۆیە یەکەم کەس بوو بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی ڕاگەیاند**

**خەڵکی کوردستان ئەو شاهێدییە بۆ پارتی دەدەن کە دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەورەی بۆ خەڵکی کوردستان بەدەست هێناوە**

**کورد لە بەغدا پێویستی بە پارتی بەهێز و نوێنەرانی بەهێز هەیە، نوێنەرانێک کە ڕابردوو شاهێدی ئەوەیان بۆ دەدات پابەندی دیسپلینی پارێزگاریکردن بوون لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان**

پاراست، دەرگاشی بۆ ملیۆن و نیوێك منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتەی ئاوارە و لێقەوماو کردەوە، پارتی پشتئەستوورە بە سەرکردەی مێژوویی و ڕابەری کوردستان (مسعود بارزانی) کە زەخیرەیەکی زۆر دەوڵەمەندی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ سەرخستنی قەزییەی کورد.

هەر لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی ئەندام و کادیر و کاندیدەکانی پارتی بۆ نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، خاوەنی هزر و ڕەوشت و کاری بەرزی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرین و، هەرگیز ئامادە نین سازش لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەن، ئەمە لە کاتێکدا نوێنەرانی لایەنی دیکە نەك هەرکەمتەرخەم بوون، بەڵکو هەموو ماکینەی حزبی و ئیعلامی و پەیوەندییەکانی خۆیان بۆ دژایەتیکردنی مافە دەستووری و یاساییەکانی کورد لە بودجە و مووچە و شایستە داراییەکان تەرخان کرد، ئەوەیان لەبیر کرد کە ئەوان بۆچی خەڵك دەنگی پێ دابوون و بۆچی لە بەغدا بوون).

لە دوماهی ئەم دیدارە کورتەماندا پرسیاری ئەوەمان کرد تاچەند لە بازنەکانی لق دوو



**پارتی پشتئەستووره بە سەرکردەی مێژوویی و ڕابەری کوردستان (مسعود بارزانی) کە زەخیرەیەکی زۆر دەوڵەمەندی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ سەرخستنی قەزییەی کورد**

ئومێدیان بۆ دەرچوونی کاندیدەکانیان هەیە؟ ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: لەم هەڵبژاردنەدا ئێمە لە سنووری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێنج کاندیدمان هەیە، دڵنیاین هەولێرییەکان دەنگ بە کاندیدەکانمان دەدەن، چونکە لە ڕابردوودا سەلماندمان کە وێڕای ئەوەی بەرگریکاری سەرسەختی مافەکانیان بووین، لە بەرپرسیارێتیشدا ڕامان نەکردووە و لە ڕۆژە سەختەکانی گەمارۆ و بڕینی بودجە و مووچە و هێرشی داعش و داگیرکارانیشدا شەهید و قوربانیمان داوە، هەر بۆیە هەولێرییەکان مەجالی کەسانێك نادەن لە بەرپرسیارێتی ڕابکەن و ئارامی و سەقامگیریی شارەکەیان تێك بدەن و، بە دەردی شارەکانی دیکەی ببەن، هەولێر شاری پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری و بووژانەوەیە، ئەمەش هەمووی لە سایەی پارتێکی بەهێزدایە کە هەولێری کردووە بە چەقی دیپلۆماسییەت و سیاسەت و ئابووری، ئیدی بە مووشەکی درۆن و نانەوەی پشێوی و بوختان و ناوزڕاندنی ناو سۆشیال میدیا بەری ڕۆژ بە پێشەنگ ناگیرێت.





# ئەو كاندیدانە هەڵبژێرن كە لە بەغدا پارێزەری مافەكانی خەڵكی كوردستانن



**مەلا عەبدوڵا وەیسی**
سەرۆكی یەكێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام

■ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە كاتێكدا هێزە سیاسییەكان و خەڵكی كوردستان بانگەشەی هەڵبژاردن و بەرەو هەڵبژاردنی نوێنەرانمان دەچین بۆ پەرلەمانی عێراق، گەلی كورد لە هەموو كات زیاتر پێویستی بە یەكڕیزی و تەبایی و یەكترقبووڵكردن هەیە. ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێمان دەڵێت تەبایی و برایەتی و ئاشتی بپارێزین، ئەمە ویستی خودای گەورەو میهرەبانە بۆ بەندەكانی، لەنێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاكانی گەلی كوردستاندا ئەزموونێكی دەوڵەمەندی پێكەوەژیان و یەكترقبووڵكردن هەیە،

دەبێت ئەم کولتوورە جوانە بخزێنینە ناو کاری هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراقیشەوە، ئەرکێکی ئایینی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەی کوردستانە کە لە ڕۆژی دەنگدان، بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بەو کاندیدانە بدەن، کە دەبنە نوێنەرانی گەلی کوردستان و خواست و داواکارییەکانی خەڵك لە بەغدا بەدەست دەهێنن و، داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەدەستهێنانی مافەکانیان.

سەرۆك بارزانی لە وتارەکەیدا لە ١١ی ئەیلوول جەختی لەسەر گرنگی و هەستیاریی ئەم هەڵبژاردنە کردەوە و، داوای کرد لە بانگەشەی هەڵبژاردندا کەشوهەوایەکی ئارام بپارێزین و لە دوای دەرچوون و چوونی کاندیدەکانیش بۆ بەغدا کەم قسە بکەن و زۆر کار بکەن. ئەرکی ئایینی و نیشتمانیی هەموومانە لەم قۆناغەدا ڕێگە بە پشێوی و دووبەرەکی نەدەین و نەبینە هۆکارێك، خوانەخواستە بۆ پەرتەوازەیی ڕیزەکانی گەلی کوردستان، ئەو پەرتەوازەییەی گەلی کورد تێیدا زیانمەند بووە و مەرام و پلانی دوژمنانی کوردە. هەڵبژاردن و بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق زۆر جیاوازترە لە هەڵبژاردنی کوردستان، ئێمە لە بەغدا پێویستیمان بە نوێنەرانی بەهێز و شارەزای وا هەیە، کە چاوکراوە بن و بەرژەوەندیی تایبەتی و حزبیی خۆیان زاڵ نەکەن بە سەر بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان و مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستاندا، هاووڵاتیان چاوەڕوانی ئەوەیان لە نوێنەرەکانیان هەیە کە بەرگریکارێکی سەرسەختی مافەکانیان بن، نەك لە بەغدا سەرقاڵی ناکۆکی و دژایەتیی یەکتر بن، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا کاندیدەکانمان لە سەر بنەمای واقیعی و راستگۆیی بەڵێن بە خەڵکی بدەن و، کەشوهەوای هێمنی و ئارامیی بانگەشەکە بپارێزن و، خۆیان لە ناوزڕاندن و قسەی ناشیرین و زبر بپارێزن، چونکە دواجار هەمووان پێکەوە دەچنە بەغدا و ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەیی کۆیان دەکاتەوە، هاوکات لایەنە سیاسییەکان و حزبەکان نابێت هانی کاندیدەکانیان بدەن بۆ بەکارهێنانی وشەی زبر و ناشیرین و تۆمەتبەخشینەوە.

خەڵکی کوردستان باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە هەرکاتێك کورد لە بەغدا یەکڕیز و تەبا بووبێت، پێگە و دەسەڵاتی بەهێز بووە و دەستکەوتی گەورەش بە دەست هاتووە، ئەم هەڵبژاردنە بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق، گرنگیی خۆی بۆ گەلی کوردستان هەیە، چونکە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵێك کێشە و گرفتی هەڵپەسێردراوی نێوان ئێمە و بەغدا بۆ پەرلەمان و حکومەتی داهاتوو بەجێماوە و، پێویستمان بەوە هەیە کە بەهێز بین لەبەغدا، کێشەکانی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و قووت و بودجە و مووچەی مووچەخۆران و مافە دەستوورییەکانی هێزی پێشمەرگە و قەرەبووکردنەوە و یاساکانی نەوت و ئەنجومەنی فیدراڵی و دەیان ماف و یاسای دیکەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیانە کە دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە لە بەغدا نوێنەرایەتیی کورد و کوردستانییەکان بکەن و، کار بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان بکەن، نەك لە ئێستاوە بەغدا بکەنە گۆڕەپانی شەڕ و ناکۆکی و ململانێی حزبی و شەخسی. بەهێزکردنی پێگەی کورد ئەوە دەخوازێت زۆرترین کاندیدمان بۆ پەرلەمانی عێراق دەربچێت و بە هەستیارییەوە بیر لە ڕابردوو و داهاتووی کوردستان و خەڵکەکەی بکەینەوە. کورد خەبات و قوربانی و ماندووبوونێکی زۆری داوە تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغە، خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە و هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی لە گۆڕەپانەکەدا بەهێزن، کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بکەن و مساوەمە لەسەر مافە دەستووری و یاساییەکان نەکەن، لەلایەکی دیکەوە جیهان و ناوچەکە لە بەردەم گۆڕانکاریی گەورەدایە و ئێمەی کورد ئەگەر چاوکراوە و یەکگرتوو نەبین و خۆمان بۆ هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان ئامادە نەکەین، زیانی گەورەمان بەردەکەوێت، بەپێچەوانەوە بە تەبایی و یەکگرتوویی و یەکڕیزی هەمیشە دەستکەوت و مافی گەورەمان بەدەستهێناوە.

**سەرۆک بارزانی لە وتارەکەیدا لە ١١ی ئەیلوول جەختی لەسەر گرنگی و هەستیاریی ئەم هەڵبژاردنە کردەوە و، داوای کرد لە بانگەشەی هەڵبژاردندا کەشوهەوایەکی ئارام بپارێزین و لە دوای دەرچوون و چوونی کاندیدەکانیش بۆ بەغدا کەم قسە بکەن و زۆر کار بکەن**

**هاووڵاتیان چاوەڕوانی ئەوەیان لە نوێنەرەکانیان هەیە کە بەرگریکارێکی سەرسەختی مافەکانیان بن، نەک لە بەغدا سەرقاڵی ناکۆکی و دژایەتیی یەکتر بن**

**خەڵکی کوردستان باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە هەرکاتێک کورد لە بەغدا یەکڕیز و تەبا بووبێت، پێگە و دەسەڵاتی بەهێز بووە و دەستکەوتی گەورەش بە دەست هاتووە**

# کێ بچێتە بەغدا باشە؟



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

**پاراستنی دەستکەوتەکان پارتێکی تۆکمەی دەوێت کە خاوەن ئەو سەرکردە کاریزما و بڕیاردەر و خاوەن ئیعتیبارە بێت لای وڵاتانی زلهێز و ئیقلیمی، ئەمەش لەم هەرێمەدا تەنیا لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەبیندرێت**

ئەگەر بە وردی ڕامانێکمان هەبێت لە سەر بارودۆخی عێراق، دەبینین، هەڵبژاردن لە زۆربەی کاتەکاندا سەنگی مەحەك نەبووە بۆ چارەسەری کێشەکانی ناو عێراق، بەتایبەتی لە ئێستادا کە هێزی چەکداری ناحکوومی و میلیشا لە دەرەوەی یاسا و دەوڵەت بڕیار دەدەن، ئەوەش بنەما بەهێزەکانی دەوڵەتی کە ئابووری و سەقامگیرییە، لەرزۆك کردووە. واتە سەقامگیری و ئاسایشێکی جێگر و یاسا سەروەری بوونی نییە، تاکو بتوانرێت بە پەرلەمان و یاسا گرفتەکان یەکلا بکرێنەوە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش ڕاستە تا دەنگ و کورسیی کورد زۆرتر بێت، زیاتر کاریگەری دەبێت لە سەر پێگەی کورد لە بەغدا، بەڵام ژمارەی کورسییەکانی کورد هەرگیز هۆکار نەبووە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێگر بێت لە دەرکردنی یاسایەك، ئەگەر حیسابی بۆ پێکهاتەی گەورەی کورد نەکردبێت، چونکە زۆرینەی پەرلەمانتارەکان، هەر چەند جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان خۆیان هەبووبێت، بەڵام لە بەرامبەر کورد زوو یەکیان گرتووە و پلان و پیلانیان لە دژی کوردستانیان داڕشتووە. ئەگەرچی ناکرێت بوترێت ژمارەی کورسیی پەرلەمان بۆ کورد گرنگ نییە، بەڵام لە ئێستای عێراقدا نە سەروەریی یاسا، نە ئابوورییەکی بەهێز، نە سەقامگیریی سیاسیی ئەو وڵاتە، ئەوە نییە کە پەرلەمان بتوانێت، کێشەکان و بڕیارەکانی بۆ یەکلا بکاتەوە. ئەوە دۆخە نالەبارە کۆمەڵێك فاکتی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە عێراق لە ئێستادا سەربەخۆیی سیاسی نییە و خۆی مەرجەعی بڕیاری خۆی نییە، واتە هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان لەگەڵیدا هاوبەشن لە دیاریکردنی هەر بڕیار و جووڵەیەکدا، کارکردن و دەوڵەتداری لە بارودۆخێکی ئاوادا ئاسان نییە، کە بەغدا ببێتە جەمسەرێك یان بەشێك لەگەڵ ئەو هێزە ناوخۆیی و ئیقلیمییانەی کە بڕیارەکان دەردەکەن. لە کەشێکی ئەوتۆی سیاسیدا ئەگەرچی کورد کاری بەرچاوی بۆ دەستەبەری شەراکەتی ڕاستەقینە کردووە و لە پێناوی بەرژەوەندیی هاوبەشدا بەردەوام پەنای بۆ وتووێژ و دانوستان بردووە، بۆیە دەبێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراق و کاریگەریی لەسەر ناوخۆ و ناوچەکانی دەوروبەریشی بەشێکی بەرچاو بێت لەو هاوکێشەیە، کە بە بێ بەشداریی کورد نەتوانرێت، لەسەر چارەنووسی ئەو وڵاتە

بڕیارێك بدرێت، بەڵام ئەمە دەیەوێت تا كورد بچێتە ئەو پێگەیە و ئەمەش بە تەنیا بە بە كورسیی پەرلەمان ناكرێت.

ئەو دابەشكارییە كە بۆ عێراق كراوە و سێ پێكهاتەی كورد و شیعە و سوننە دەگرێتەوە، لە سەر حیسابی كورسیی پەرلەمان نەكراوە، تا بە تەنیا كورسییەكانی پەرلەمان زامنی بكەین، مەترسیی گەورەش ئەوەیە كە بە دەستووریش زامن نەكراوە، تا لێی بێ خەم بین. بۆیە دەبێت بە هەوڵی زیاتر ڕێكاری دیكە پێگە و بوونی خۆمان بهێڵینەوە، بە تایبەتی لە ئێستادا ڕێككەوتنەكە لە سەر حیسابی ئەو سێ پێكهاتەیەش خەریكە تێك دەچێت، ئەوەتا سوننە بەردەوام لە لاوازبووندایە و توێندراونەتەوە، سیمای وڵات لە ئێستادا وڵاتێكی عەرەبیی مەزهەبییە كە تەنیا شێعە تێیدا باڵادەستە، كە پارە و میلیشیا و سەرچاوەی ئابووریی وڵاتیش هەر لای ئەوانە. بۆیە عێراق وردە وردە بەرەو تێكچوونی ئەو هاوكێشەیە دەڕوات، كە لەسەر ئەو سێ پێكهاتەیە داڕێژدرابوو. ئەوە جێی مەترسییە و بێگومان كوردیش ئەگەر وریا نەبێت، قوربانیی گەورە و زەرەرمەندی ئەو تێكچوونە دەبێت. بۆیە گرنگە پارێزگاری لە كورسییەكانی پەرلەمانمان بكەین، بەڵام لە دەرەوەی ئەوە كورد دەبێت خۆی بە بەشێك لەو پێكهاتە نیشتمانییە بزانێت لە عێراق و زیاتر خۆی بخاتە ناو ئەو هاوكێشەیەی كە بڕیار دەدات بۆ عێراق و خۆی بە بەشێك لە پرۆسە نیشتمانییەكە بزانێت بۆ پارێزگاری لە بوونی عێراقێكی فرەیی، چونكە مانەوەی عێراق وەك پێكهاتەی دەوڵەتێكی فرەیی، زامنی مانەوەی هەرێمی كوردستانیشە نەك تەنیا كورد لە بەغدا، بۆ ئەمەش نابێت تەنیا چاوی لە كورسیی پەرلەمان و پۆستی سەرۆك كۆماری بێت، چونكە وەك وتمان، ئەوانە ئێستا بڕیاردەری یەكەم و یەكلاكەرەوەی كێشەكان نین. كورد دیپلۆماسییەكی كارامەی پێویستە و پێگەیەكی بەهێزی دەسەڵاتی دەوێت، سەركردەی كاریزما و بە ئەجندای دەوێت، پارتێكی دەوێت سەركردایەتیی ئەمە بكات و، لە ناو ئەو هاوكێشە ئیقلیمی و نێودەڵەتییەدا هەل بدۆزێتەوە و خۆی بگونجێنێت و بەرژەوەندیی هاوبەش دروست بكات. ئەمانە و پاراستنی دەستكەوتەكان پارتێكی تۆكمەی دەوێت كە خاوەن ئەو سەركردە كاریزما و بڕیاردەر و خاوەن ئیعتیبارە بێت لای وڵاتانی زلهێز و ئیقلیمی، بێگومان ئەمەش لەم هەرێمەدا تەنیا لە پارتی دیموكراتی كوردستان دەبیندرێت كە خاوەنی ئەو سەرۆكە كاریزمایە بێت و توانای ئەو هێزە و هەوڵانەی هەبێت، وەك لە ماوەی ڕابردووشدا توانی بە هێزی دیپلۆماسی سەرنجی زۆر لە وڵاتان ڕابكێشێت و هەولێر بكاتە مەڵبەندی دیپلۆماسی و دانوستان و لێك نزیك كردنەوە، ئاواش دەتوانێت ئەو ئەزموونە بەرێتە بەغدا و ئەو كار لەسەر عەقڵییەت كردن و دیپلۆماسییە سەركەوتووە بەكار بهێنێت و، بەرژەوەندیی هاوبەش بدۆزیتەوە و، خۆی بكاتە جەمسەرێكی گرنگ لە نێوان هاوكێشەكەدا. تاكو بە مە نەك تەنیا پارێزگاری لە پێگەی كورد بكات لە عێراق، بەڵكو كورد بە ڕاستی ڕۆڵی هەبێت لە ئیدارەدانی عێراق و لە بڕیارسازیی سیاسی بۆ ئێستا و داهاتووی ئەم وڵاتە بەشدار بێت و، بە بێ كورد هیچ شتێك بۆ عێراق یەكلا نەكرێتەوە.

پارتی دیموكراتی كوردستان، جگە لە هێزە دیپلۆماسییە بەرچاوەكەی، توانیویەتی ناوخۆی هەرێمیش لە ئاستێكی بەرز و بەهێزی سەقامگیری ڕابگرێت و، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش حكومەتێكی سەركەوتوو بووە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا لە ڕووی حوكمڕانییەوە نموونەی جوانی پێشكەش كردووە. كەواتە پارتێك كە لەسەر ئاستی حوكمڕانی، حزبی و ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەهێز بوو، دەتوانێت شان بداتە ژێر باری ئەو بەرپرسیاریەتییە كە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و دەستكەوتی زیاتر بۆ گەلەكەی مسۆگەر بكات.

**پارتی لە ماوەی ڕابردوودا توانی بە هێزی دیپلۆماسی سەرنجی زۆر لە وڵاتان ڕابكێشێت و هەولێر بكاتە مەڵبەندی دیپلۆماسی و دانوستان و لێك نزیك كردنەوە**

**پارتی دیموكراتی كوردستان، جگە لە هێزە دیپلۆماسییە بەرچاوەكەی، توانیویەتی ناوخۆی هەرێمیش لە ئاستێكی بەرز و بەهێزی سەقامگیری ڕابگرێت**



هیوا ئەحمەد مستەفا

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی ٢٤ی سەفین بۆ گوڵان:

# بەهێزبوونی پارتی لە بەغدا مانای مسۆگەرکردنی زیاتری مافەکانی کوردستانە

**لە ئێستادا بە بایەخ و گرنگییەوە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق دەڕوانرێت، پارتە بەشداربووەکان هەڵسەنگاندن و هەڵوەستەی جددی دەکەن لەسەر پرسی چۆنێتیی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ و باشترکردنی پێگەی خۆیان لە عێراقدا، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە خولی پێشوودا حزبی ژمارە یەك بووە و، ئێستاش بە گوڕ و تینەوە بەشداری دەکات، لە بارەی ئەو پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی ٢٤ی سەفین، لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە ئەم پەیامەی خستەڕوو:**

سەرەتا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە گرنگیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم هەڵبژاردنانە، لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە وەك پێویستییەکی ژیانی سیاسیی هاووڵاتیان لەم هەڵبژاردنانە دەڕوانێت. بەو مانایەی ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەهێز بێت، ئەوا دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە مافە نەتەوەییەکانمان و، ئەو مافانەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بۆ هەرێمی کوردستان چەسپێندراون، ڕووبەڕووی پێشێلکاری نابنەوە، یان بە لایەنی کەم، پارتی هەموو هەوڵێك دەخاتەگەڕ بۆ ڕێگری لە پێشێلکردنی ئەو مافانە، چونکە ئاشکرایە کە لە پەیوەندی بە بودجە و مووچە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پێشێلکارییەکی زۆر بەرامبەر خەڵکی کوردستان دەکرێت، لە هەمووشی گرنگتر پرسی ماددەی ١٤٠ـە. کەواتە ئەگەر پارتی لە بەغدا بەهێز بێت، ئەوا بەرگریکار و داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان دەبێت، لەم ڕووەوە هەمیشە ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا بە گیانی نیشتمانپەروەرییەوە کاری پەرلەمانتاریی خۆیان ئەدا کردووە، بە پێچەوانەوە هەندێ لە ئەندامانی لیستەکانی دیکە هێڵە نیشتمانییەکانیان بەزاند و، بگرە هەوڵیانداوە ڕاستەوخۆ هەرێم گرێ بدرێتەوە بە بەغداوە و قەوارەی هەرێم هەڵبوەشێتەوە و، لە دەرئەنجامدا عێراق وەك پارێزگایەك مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات، کە ئەمانە هێڵی سوورن و، نەدەبوو هەرگیز ئەو کەسانە ئەم هەڵوێستە بنوێنن، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێ کرد، ئەندام






**ئێمە خاوەنی ڕابەرێکین کە دەتوانین لە ژێر ڕابەرایەتیی ئەودا بەرگری لە مافە نەتەوەییەکان و هەموو ئەو مافانە بکەین کە لە دەستووردا چەسپێندراون**

پەرلەمانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەرژەوەندییەکانی هەرێمیان کردبووە سەرمەشقی ئەدا و ئەرکەکانیان و، سەرسەختانە پارێزگاری و بەرگرییان لێ دەکرد، ئەمەش سەروەرییەکی گەورەیە و خەڵکیش دەتوانێت لەم ئەزموونە بڕوانێت و بیکاتە بناغەی متمانەکردنەوە و دووبارە دەنگدانەوە بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەبینین کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە چەشنی خولەکانی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کاندیدی بەهێزن و باوەڕیان بە قەوارەی هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی




کورد و کوردستان هەیە، لەلایەکی دیکە ئەو کاندیدانە شارەزا و پسپۆڕی بواری جیاجیان و ئەزموونی باشیان هەیە و جێگای متمانەن، چونکە لە هەڵبژاردنی ئەم کاندیدانەدا ڕەچاوی ڕەهەندە سیاسی و ئەکادیمییەکان و ئاستی زمان و پێگەی جوگرافی کراوە، هەروەها توانایان لە ئەداکردنی کار و ئەرکەکانیاندا بە چەشنێکە کە باشترین ڕۆڵ و کاراترین چالاکییان هەبێت لە نێو پەرلەماندا، لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم: بەڵێ کاندیدانی پارتی لە ئاست ئەوەدان کە متمانە و دەنگی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و، لەوێش بەگریکار و داکۆکیکار بن لە مافەکانی گەلی کورد و کوردستان. بۆیە ئومێدەوارم سەرجەم

**کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە چەشنی خولەکانی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کاندیدی بەهێزن و باوەڕیان بە قەوارەی هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد و کوردستان هەیە**

دەنگدەران بەشداریی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە بکەن و بچنە سەر سندوقی دەنگدان، چونکە هەروەك ئاشکرایە کە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان سیستمی هەڵبژاردنەکانی گۆڕیوە، کە پێشتر و لە خولی هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا دەنگ بە لیست دەدرا و، هەر کاتێك کاندیدێك دەنگی زیاد لە پێویستی بەدەست بهێنایە، ئەوا دەنگە زیادەکان بۆ بەرژەوەندیی کاندیدی دوای خۆی دەبوو، بەو شێوەیە هەموو دەنگەکان هەژمار دەکران و هیچ دەنگێك لەناو نەدەچوو، بەڵام سیستمی ئەمجارە لیست نییە، بەڵکو بازنەییە و ناو و ژمارە و پارێزگای کاندیدەکەی لەسەر دیاریکراوە، هەربۆیە زۆر پێویستە ژمارە و ناوی کاندید بە باشی بزانرێت و بۆ دەنگدەر ڕوون بکرێتەوە، تاوەکو سەری لێ نەشێوێت، دەنگدەری ئێمە دەبێت زۆر وریا بن و کارتی هەڵبژاردنیان وەرگرتبێت و شارەزایی لە هەڵبژاردنی کاندیدەکەدا پەیدا بکەن. ئێستاش کات ماوە بۆ ئەوەی کارتی دەنگدان وەربگرنەوە و ئەگەر هەڵەیەك لەکارتەکەدا هەبێت، چاکی بکەن. کەواتە وردەکارییەکان بۆ دەنگدەر زۆر پێویستە و، ئەگەر دەنگدەر شارەزایی تەواوی وردەکارییەکانی دەنگدانی نەبێت، بۆی هەیە لە ڕۆژی دەنگداندا دوچاری هەڵە ببێت و نەزانێت چۆن دەنگ بدات، یان چۆن دەنگ بەو کاندیدە بدات کە خۆی مەبەستیەتی، هەروەها لە ئێستاوە پێویستە هەر کەسێك، یان سەرۆك خێزانێك کارتەکانی دەنگدانی خۆیان ئامادە بکەن و لە ڕۆژی دەنگداندا و بێ هیچ سڵکردنەوە و دواکەوتنێك، بە متمانەوە بەرەو سندوقی دەنگدان بچن. لە ڕاستیدا بەشداربوون لەدەنگدان خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی سیاسییە و ئەوەی بەشداری دەکات و دەنگ دەدات، ئەوە نیشانەی هۆشیاری و ڕۆشنبیرییە، چونکە بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشداریکردنە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا و ئەوانەی بەشداریی ئەو پرۆسە دیموکراسییە دەکەن، دەیانەوێت دەنگ بە کەسان و کاندیدانی متمانەپێکراوی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان بگێڕن لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا و، نەخش و کاریگەرییان لە پرۆسەی داڕشتنی یاسا و دەرکردنی بڕیارەکاندا هەبێت، بە جۆرێك کە لە کۆتاییدا و لە ناو عێراقدا کار بۆ پارێزگاریکردن و بەهێزکردنی پێگەی کوردستان بکەن، لەم

ڕوانگەیەوە، گرنگە دەنگدەرانی کوردستان، بەتایبەت دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك بڕۆن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان و، حزبی خۆیان بکەنەوە بە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق، تا پارتی بەو پەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتەوە بەرگری و داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لە بەغدا بکات، چونکە ئێمە خاوەنی ڕابەریکین کە دەتوانین لە ژێر ڕابەرایەتیی ئەودا بەرگری لە مافە نەتەوەییەکان و هەموو ئەو مافانە بکەین کە لە دەستووردا چەسپێندراون، دواتر بە گوێرەی هەڵسەنگاندن و دیراسەتەکانمان کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاد دەکەن، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی لە ڕابردوو و لە خولەکانی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، پارتی هەڵویستی بەرچاو و جوامێرانەی هەبووە و، بە گیانی وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەرییەوە بەرگریی لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها لە بەرژەوەندیی عێراقیش هەڵوێستی وەرگرتووە، چونکە پارتی حزبێکە لە عێراقیشدا کار دەکات و لە عێراقدا وەزارەتی بەدەستەوەیە و بەشدارە لە سەرکردایەتیی پەرلەماندا و، چەندین پۆستی گرنگ و کاریگەری لە عێراقدا هەیە، لە هەمان کاتدا وەك هەرێمێکی فیدراڵی پارێزگاری و بەرگریی لە هەرێمی کوردستانیش دەکات، کە هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کار لەگەڵ عێراقدا دەکەین، کە بریتییە لە تەوافوق و شەراکەت و تەوازن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش توانرا عێراق بنیات بنرێتەوە. لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان داکۆکیکارە لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و شایستەی ئەوەیە جارێکی دیکە متمانەی دەنگدەران بەدەست بهێنێتەوە، لەم ڕووەوە چاوەڕوانی ئەوەین لەسەر ئەو دڵسۆزییەی پارتی، عێراقییەکانیش پاداشتی پارتی بدەنەوە، بەتایبەتی لەو شارانەی کە پارتی کاندیدی هەیە دەنگی پێ بدرێت، چونکە بەهێزبوونی پارتی لەبەرژەوەندیی هەموو عێراقە، بە کورد و عەرەب و هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە، چونکە هەموو کات پارتی لە پێناو پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەییدا کاری کردووە.








**بڵند ئیسماعیل**

**بەرپرسی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا پێگەی کوردستان بەهێزتر دەکات

**تا دێ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن چڕ دەبنەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەك حزبێکی سەرەکی و خاوەن سەنگ و قورسایی بەرچاو بە گەرموگوڕییەوە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی دەست پێ کردووە و، بە باوەڕبەخۆبوونەوە کاری جددی دەکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکەی ببێتە حزبی ژمارە یەك لە عێراقدا و ئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، لەم ڕووەوە بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە میانەی پەیامێکدا و لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە بەم شێوە پەیامی خۆی بۆ ئەم هەڵبژاردنانە دەخاتەڕوو:**

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە دەبێت بە بایەخ و گرنگییەوە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق بڕوانین، ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەری و گرنگیی خۆیان هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، لەم ڕووەشەوە بۆ خودی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەویش لە سۆنگەی باوەڕبوونمانەوە بەوەی ئەگەر پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەهێز بوو، ئەوا باشتر و کاراتر دەتوانێت بەرگری لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمە ڕاستییەکی سەلمێندراوە و تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردن نییە. لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی هەموو لایەکمانە کە بە گوڕ و تینەوە لەم هەڵبژاردنانە بەشداری بکەین، بە ئامانجی ئەوەی بە چەشنی خولی پێشوو، ئەمجارەش پارتی ببێتەوە پارتی پێشەنگ و زۆرترین کورسی مسۆگەر بکات، تاوەکو بتوانێت لە پێگەی هێزەوە گفتوگۆ لەسەر سەرجەم کێشەکانی پەیوەست بە بودجە و مووچە و پێشمەرگە و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکات لەگەڵ بەغدا. دواتر دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە پارتی حزبی کردارە و حزبێکە لە ئاست ئەرك و بەرپرسیارێتییەکاندایە و شایستەی ئەوەیە کە دووبارە متمانە بەدەست بهێنێتەوە بۆ ئەوەی باشتر و کاراتر شان بداتە بەر بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی ئەدا بکات. لەم ڕووەوە پارتی بەوە ناسراوە کە حزبی داکۆکیکارە لە مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و نوێنەرەکانیشی لە پەرلەمانی عێراق بەرجەستەکاری ئەم واقیعە بوون. لە هەمان








**پارتی داکۆکیکاری مافە دەستوورییەکانی کوردستانە و نوێنەرەکانیشی لە پەرلەمانی عێراق بەرجەستەکاری ئەم واقیعەن**

**پارتی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پەنا بۆ ناوزڕاندن و تەشهیر نابات و، لە ژێر ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆکدا هەمیشە بانگەشەیەکی گەرموگوڕی ئەنجام داوە، بەڵام بە بێ هێرشکردن و پەلاماردان بۆ سەر هیچ لایەک**

کاتدا پارتی نەك هەر بە تەنیا پێشەنگ بووە لە پرۆسەی دیالۆگ و دانوستاندن و کێبڕکێی سیاسی و شەرعی، بەڵکو هەر کاتێك پێویستی کردبێت و کار گەیشتبێتە ئەوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کوردستان و قەوارەکەی دروست بووبێت، ئەوا ئامادەی هەموو جۆرە قوربانیدان و فیداکارییەك بووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پارتی بتوانێت میسداقییەت بۆ خۆی دروست بکات و پارێزگاریشی لێ بکات. خاڵێکی دیکەی درەوشاوەی پارتی ئەوەیە کە پارتی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پەنا بۆ ناوزڕاندن و تەشهیر نابات و، لە ژێر ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆکدا هەمیشە بانگەشەیەکی گەرموگوڕی ئەنجام داوە، بەڵام بە بێ هێرشکردن و پەلاماردان بۆ سەر هیچ لایەك، چونکە دەیەوێت پرۆسەکە بە ئارامی و هێمنی بەڕێوە بچێت و، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەمیشە پارتی لە ئارامیدا گەشە دەکات. چونکە پارتی نایەوێت خۆی سەرقاڵ بکات بە بانگەشەی لاوەکی و هێرشی ڕاگەیاندن بۆ سەر حزب و لایەنەکانی دیکە و پێویستیشی پێی نییە، لەبەر ئەوەی ئەم حزبە ڕۆئیای ڕوونی خۆی هەیە و بابەتە لاوەکییەکانی لە ڕێبازە سەرەکی و نیشتمانییەکەی دووری ناخەنەوە، ئەمەش هۆکاری نەك هەر مانەوەی پارتییە، بگرە گەشەکردن و بەهێزبوونیشیەتی، واتە پارتی کۆمەڵێك ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە و بە سووربوون و لێبڕانەوە کار بۆ بەدیهێنانیان دەکات و، بەشداریی کاراشی لەم هەڵبژاردنانەدا هەر لە پێناو جێبەجێکردن و هێنانە ئارای ئەو ئامانجانەدایە. دواتر ئەگەر ئێمە بەراوردی ئەدای ئەندام پەرلەمانی پارتی لە بەغدا بکەین بە هەندێ لە پەرلەمانتارەکانی حزبەکانی دیکە، ئەوا جیاوازییەکی گەورە و بەرچاو بەدی دەکەین، بۆ نموونە هەندێ لەو ئەندام پەرلەمانانە هەوڵیاندا قەوارەی دەستووری هەرێم هەڵبوەشێننەوە و بەغدا وەك پارێزگایەکی مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات، بەڵام ئەوە پارتی بوو کە پێداگریی سەرسەختانەی کرد لە پارێزگاریکردن لە پێگە و قەوارەی دەستووری ئەم هەرێمە و هەر پارتییش بووە کە پێشەنگی برەوپێدان و بەهێزکردنی ئەم هەرێمە بووە. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێمان وایە -ئەمەش لەسەر بنەمای دیراسەت و بەدواداچوونی ورد- کە پارتی ئەنجامێکی گەورە و







بەرچاو بەدەست دەهێنێت لەم هەڵبژاردنانەدا، چونکە پشتئەستوورە بە حیکمەتی سەرکردایەتییەکەی و بە دڵسۆزی دۆست و لایەنگر و ئەندامەکانی. بۆ ئەم مەبەستەش کاری جددی و بەرنامەڕێژی باشمان کردووە و لە نزیکەوە کار لەگەڵ ڕێکخستنەکانماندا دەکەین، بۆ ئەوەی کاندیدەکانمان سەرکەوتوو بن و دەنگی پێویست بەدەست بهێنن. دواتر ئێمە پێمان وایە سەرکەوتنی پارتی لەم هەڵبژاردنانە زەروورەتێکی هەلومەرجی عێراق و هەرێمی کوردستان و بگرە کاریگەریی ئەرێنی و باشیشی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق بە ناوچەکەوەی لێ دەکەوێتەوە. چونکە پارتی خاوەنی ستراتیژیەت و دیدگای ڕوونە و هۆشیارانە هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخەکە دەکات، لە کاتی خۆیدا هەنگاوی گونجاو و پێویست هەڵدەگرێت. هەروەها پارتی حزبێکە کە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی حیسابی بۆ دەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. کەواتە سەرکەوتنی پارتی خزمەت بە سەقامگیریی عێراقیش دەکات، لە هەمان کاتدا زامنی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی زیاتری هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەوەی لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت لە بوونی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی ئایینی و ڕێزگرتن لە سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و بوونی ئەو ئارامی و ئازادی و ئاوەدانییەی کە هەموو لایەك شایەتی بۆ بدەن، ڕەنگدانەوەی ڕێچکەی سەرکەوتووی پارتییە لە بواری حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی حکومەتدا. لە کۆتاییدا دەمەوێت داوا لە خەڵکی بە گشتی و لە جەماوەر و دۆست و لایەنگرانی پارتی بکەم کە بە گیانی پەرۆشی و پێشمەرگە ئاساوە هەوڵی سەرخستنی حزبەکەیان بدەن و ئەمە بکەنە ئەولەوییەتی کاری خۆیان و ئەمجارەش پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنەوە پارتە پێشەنگەکە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە کاروانی پاراستنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بدات و سەرسەختانە و ماندوویی نەناسانە شەڕی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان درێژە پێ بدات.



**کرمانج عەبدوڵا**
بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچوغ بۆ گوڵان:

# بە هۆی هۆشیاریی خەڵکی کوردستانەوە دەنگەکانی پارتی زیاتر هەڵدەکشێن

لە ئێستادا پرسی سەرەکی کە لایەنە سیاسییە عێراقی و کوردستانییەکانی سەرقاڵ کردووە، بریتییە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەرییان لەسەر دووبارە دارشتنەوەی پێگەی ئەم حزب و لایەنانە دەبێت، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە لە خولی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا حزبی ژمارە یەك بوو، بە پەرۆشی و جددییەتێکی بەرچاوەوە دەستی کردووە بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی حزبەکەی و ئومێد و چاوەڕوانییەکانیش ئەوەن کە پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات و، بگرە زیاتریش بەرەوپێش بچێت، لەم ڕووەوە کرمانج عەبدوڵا بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچوغ لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشت لە پەیامی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان دەکات:

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی ڕەسەنی نەتەوایەتی و نیشتمانیی کوردستانە و ڕۆڵی کاریگەری لە هەموو گۆڕانکارییەکان هەیە، نەك تەنیا لەسەر کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیش. ئەگەر ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە، ئەوا پارتی خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و حزبی سەرقافڵە و پێشەنگ بووە هەم لە خەبات و قوربانیدان و هەم لە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانیشدا. هەروەها پارتی داینەمۆی بەخشینەوە و زیندووکردنەوەی ئومێدە لە سەروەختی نائومێدیدا و پارتی بەرجەستەکاری یەکڕیزییە و کۆکەرەوەی تەواوی پێکهاتەکانە لە ژێر ڕەشماڵی حزبێکی نیشتمانی، دیموکراتی و کوردستانیدا. چونکە ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە توانی هەموو هێزو تواناکانی خەڵکی کوردستان بەرەو ئاقاری بەدیهێنانی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ببات، بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و توانیشی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لە دەوری شۆڕشەکە کۆبکاتەوە و هیوا و ئومێدی بۆ تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان گەڕاندەوە و لەو سەردەمەدا توانی گەورەترین پانتایی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە






**کار و پلانی باشمان دارشتووە بۆ سەرخستنی کاندیدەکان و گەیاندنیان بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

دەوری خۆی کۆبکاتەوە. پارتی و خەڵکی کوردستان بە جۆرێك ئاوێتەی یەکتر بوون کە هەر کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، ئەوە هاووڵاتیانی کوردستان سەرکەوتوو و سەربەرز بوون و، لەو ڕۆژگارانەی ئەگەر لە وێستگەیەگ لە وێستگەکان پاشەکشەیەکی کردبێت، ئەوا کاریگەری هەبووە بەسەر خەڵکی کوردستانەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە خەڵك متمانەیەکی زۆری بە سەرکردایەتی و بە ڕابەرایەتی و بە ئەزموونی پارتی هەبووە، هەر بۆیە بەردەوام پارتی لە




ڕۆژی دامەزراندنی تا ئەمرۆ هێزی ژمارە یەکی کوردستانی عێراقە. ئێستاش کە بەرەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق دەچین، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، کە ئێمە قەوارەیەکی فیدراڵی دەستووری ددانپێدانراوین و، مافەکانی ئەم هەرێمە و گەلەکەی لە دەستووری عێراقدا چەسپێندراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەبینین مادده و بڕگە پەیوەندیدارەکان بە هەرێمی کوردستان کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هەن، لەلایەن حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە کوردی ڕەوا نابینن، لە بەرامبەردا ئەوە بەدی دەکەین کە لەم ڕووەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو ماف و داوایانە داکۆکیکارە و سەرسەختانە هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات، ئەوە پەرلەمانتارانی پارتین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە

**خەڵکی کوردستان دەزانن دەنگدانیان بۆ پارتی زامنی بەهێزبوونی هەرێمەکەیان و بەرەوپێشبردنی دۆزەکەیان و مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەشترە بۆیان**

هەمان ئەو گیانەی کە لە شەڕەکانی پارتی لە پردێ و قەرەچووغ و سەحیلا و مەحموودیەدا داستانی نەبەردیان تۆمار کرد، بە هەمان ئەندازە لە پەرلەمانی عێراقشدا شان دەدەنە بەر بەرپرسیارێتی و سەرسەختانە شەڕی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن لە بەغدا. نوێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەو پەڕی گیانی بەرپرسیارێتییەوە ئەم ئەرکەیان ئەدا کردووە. سەبارەت بە پێشبینییەکانیش لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوا ئەمجارەش ئومێدمان زۆر زیاترە بە خەڵکە تێکۆشەرەکەی کوردستان بۆ ئەوەی دووبارە پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەڵگری ستراتیژیەت و دیدگایەکی نیشتمانی و نەتەوەییە ببێتەوە بەهێزی یەکەمی کوردستان و هێزی یەکەمی عێراق، پشتیوان بە خوا و بە جەماوەری خۆڕاگر و هۆشیاری خەڵکی کوردستانی دەنگەکانمان زیاتر هەڵدەکشن و چاومان لە هیممەتی دڵسۆزانی خەڵکی کوردستانە. سەبارەت بە لقی ٢٣ی قەرەچوغیش کە سنوورێکی گرنگ و هەمیشە خەڵکێکی تێکۆشەری هەبووە و پاڵپشتی شۆڕش بوون، لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش ئەو خەڵکە تێکۆشەرە سەرباری ئەو هەموو نەهامەتی و ناهەمواررییەی بەسەریاندا هات، خۆڕاگر بوون و ئەوەی لەم ڕووەوە لەیاد ناکرێت، ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ کە ئێمە بارەگاکانیشمان لەو سنوورە نەمابوون، ئەوان ماڵ و دڵی خۆیان کردبووە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتییان کردە حزبی یەکەمی بێ ڕکابەر، کە تەنیا کاندیدی پارتی دەرچوو و ئەمجارەش ئومێد دەکەین و گەشبینین کە هەردوو کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم سنوورە دەربچن، چونکە خەڵکی ئەم سنوورە زۆر تێکۆشەرن و لەم پێناوەشدا و لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەساڵی شەستەکانەوە تا ڕووخانی حزبی بەعس، دوچاری چەندەها خراپەکاری بوونەتەوە و بەجۆرەها شێوە گوند و کێڵگە و بەروبوومەکانیان سووتێندراون، ئەمانەش تەنیا لەسەر نیشتمانپەروەری و کوردپەروەری بووە. بۆیە لەم هەڵبژاردنەش

ئومێدی زۆرمان بە خەڵکی سنوورەکە هەیە بۆ ئەوەی دەروازەیەك دەستەبەر ببێت، بۆ دووبارە گەڕانەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاڵای کوردستان و پێشمەرگەوە کە ئەویش دڵنیایەکی زیاتر بە خەڵکی تێکۆشەری ناوچەکە دەدات هەم بۆ ئەوەی ئەوانەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ئاوارە بوون، بۆ گوند و شوێنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە کە بە هەبوونی پارتی متمانە و زەمانەت لەلای خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئەم ناوچەیە بە دیاریکراوی دروست دەبێت. خەڵکی ئەو ناوچانەش بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی پارتی دەکەن. چونکە لەلای خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ئەو سنوور و ناوچانە گەڕانەوەی پارتی واتە گەڕانەوەی کوردە لەبەر ئەوەی دەزانن ئەوانەی بەرگری لە مافە ڕەواکانیان دەکەن، هەر پارتین و پێویستە نوێنەرانی ئێمەش لە بەغدا بە پێداگرییەوە بەرگری لە مافی خەڵکی کوردستان بکەن. لەم ڕووەشەوە داوا دەکەین خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بکەن و، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، بۆ ئەوەی پارتی زۆرترین کاندید و نوێنەری لە بەغدا هەبێت، تاوەکو کوردستان زیاتر بەهێز بێت و داواکارییەکانمان پتر بەرەوپێشەوە بچن. سەبارەتی بە ئامادەکارییەکانمان بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانیشدا، ئەوا کار و پلانی باشمان داڕشتووە بۆ سەرخستنی کاندیدەکان و گەیاندنیان بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئێمە دەزانین پشتیوانیی خەڵکی کوردستان نهێنی بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ئەم پارتەش هیچ کاتێك ئەم ڕاستییەی نادیدە نەگرتووە و پارتی و جەماوەریش بە شێوەیەك ئاوێتەی یەکتر بوون، کە ناتوانرێت لێکجیا بکرێتەوە، کەواتە پارتی خاوەن پێگەیەکی بەهێزی جەماوەرییە لە کوردستاندا و خاوەن خەڵکێکی یەکجار دڵسۆزو بەوەفایە و خەڵکی کوردستانیش دەزانن دەنگدانیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان زامنی بەهێزبوونی هەرێمەکەیان و بەرەوپێشبردنی دۆزەکەیان و مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەشترە بۆیان.




**لە پێناو چاکسازی لە سیستەمی کارگێڕی و دارایی عێراقدا، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

# پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتییانە وەک خواستی ئیسلام و زامنی یەکڕیزیی نیشتمانی



**مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

قسەکردن لەسەر پێکەوەژیان، قسەکردنە لەسەر پرسێکی گرنگی هاوچەرخ و، ئەزموون و وێنا و واقعێکی ناوازە لە کوردستان، بەو پێیەی کوردستان فرەئایین و نەتەوەیە و، سیما و مێژووی سەدان ساڵەی ئەو پێکەوەبوونە، تابلۆیەکی جوانی نەخشاندووە، کە دەکرێت ببێتە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ زۆرێك لەو وڵاتانەی بە دەست بۆشایی ڕەهەندەکانی پێکەوەژیانەوە دەناڵێنن.

لە دونیای ئێستادا یەکێ لە گرفت و ئاریشەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێك، مەسەلەی گرفتی پێکەوەژیانە، چونکە غیابی ئەم پرسە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا فاکتەر و ئەگەری لێکەوتەی مەترسیدار دروست دەکات، لەوانەشە ببێتە هۆی شکستی زۆرێك لەو هەنگاوانەی کە مەبەستن بە ئامانج و ئەنجام بگەن، لەبەر ئەوەی بە پێی لێکدانەوەکان یەکێك لە سیماکانی سەرکەوتن و پێشوەچوونی هەر حکومەتێك، پەیوەستە بە زامنکردنی پێکەوەژیان لەناو کۆمەڵگەدا.

سرووشتی ژیان وایە، هەر مرۆڤێك لە ژیاندا حەزی بۆ دادپەروەری و ئازادی و خۆشگوزەرانی هەیە، بەڵام دەستەبەربوونی هەر یەکێك لەوانە، پەیوەستە بە ئاست و ئەندازەی پێکەوەژیان لەناو کیان و کۆمەڵگەدا، کەواتە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی تاکەکان بۆ بابەتی پێکەوەژیان گرنگە، نەك پیشاندانی ڕووی حوکمڕان و بەند و بڕیاری یاسایی وەك دەقێکی ڕووت، زۆرێك لە وڵاتان کێشەی پێکەوەهەڵکردنیان هەیە و ناتوانن ئایین و نەتەوە و، تەنانەت ئایدیا و تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی یەکتر قبووڵ بکەن، وەك ئەوەی لە بەشێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە و، ڕەشپێست و سپی پێستەکان پێکەوە هەڵناکەن و هەوڵی سڕینەوەی یەکتر دەدەن و گرفتی زۆریش لە بەردەم پرۆسەی سیاسیدا دروست دەکەن، لە کاتێکدا سیستمی حوکمڕانی دیموکراسییە، کەچی لە هەرێمێکی وەك کوردستاندا بە درێژایی مێژوو، ئایین و نەتەوەی جیا هەبووە و ژیانیش بەردەوام بووە و قەتیش نەبووە لە نێوان دوو ئایین، یان دوو نەتەوەدا هەوڵی سڕینەوە، یان بنەبڕکردنی پێکەوە ژیان درابێت و پێکدادان ڕووی دابێت.

لەبەر هەبوونی هۆشیاری و بایەخی ئەم چەمکە

و پێویستیی بەرجەستەبوونی پێکەوەژیان، ئایینی پیرۆزی ئیسلامی ڕێسا و بنەمای گرنگی لەو بارەوە داناوە و، هانی پەیڕەوانی دەدات لەو بارەوە بەئاگا بن، بەو پێیەی دانانن بە ماف و ئازادی و قبووڵکردنی جیاوازییەکان و خاڵی هاوبەشی نێوان ئایینزا و نەتەوەکان، بنەمایەکی گرنگە بۆ ئەو پێکەوەژیانەی شەریعەت ئامانجیەتی لە ناو کۆمەڵگەدا بێتە دی.

مرۆڤ بەدەر لە هەموو جیاوازییەکان، کائینێکی ڕێزلێگیراوە، جیاوازییەکانیش بۆ پیشاندانی بەهای مرۆڤبوون و ویست و دەستەڵاتی خودای باڵا دەست و ئاشنایەتی و بەیەکەوەهەڵکردن و قبووڵکردنی یەکترە، بۆیە وەك بنەمایەك قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات و دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)، واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێرو مێیەك دروست کردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە)و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و ئاشنایەتی و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە.

ئەو دابەشبوون و جیاوازییە بۆ ئەوە نییە نەتەوەیەك بیەوێ نەتەوەیەکی دیکە قڕ بکات، بۆ ئەوە نییە مرۆڤەکان دژ بە یەك بن و، مامەڵەی نادروست بەرامبەر یەکتری بکەن، یان تیرەیەك پێی وابێ (لەبەر هەر هۆیەکە) باشترە لە تیرەیەکی دیکە و لافی باشێتی لێ بدات، یان بۆ ئەوە نییە گەلێك پێی وابێت زمان و ڕەنگ و نەژادی لە گەلێکی دی لە پێشتر و باشترە و، گەل و کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە ژێردەستە بکات و بیانچەوسێنێتەوە، بۆ ئەوە نییە هەر تیرە و هۆز و گەلێك چەمکی ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستی بکاتە ئامانجی خۆی و تەنیا خۆی بوێت و بەس، بەڵکو ئەو دابەشبوونە سرووشتییە لەپێناو ئامانجێکی گەورەی مرۆیی و ژیانی و ژیاری و پێکەوەژیانە، کە خودای گەورە ئاماژەی پێ داوە: (لِتَعَارَفُوا)، واتە بۆ یەکتر ناسین و ئاشنایەتیی یەکترە، دیاریشە مەبەست لەو بەیەکتر ئاشنا بوونە بۆ ئەوەیە:

یەکەم: هەر نەتەوە و گەل و تیرەیەك، گیانی هاوکاری بکاتە بنەمای پێکەوەژیان و ئاشنایەتی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا.






**ئەگەر پاڵپشتیی سەرکردایەتیی کورد، بەتایبەتی جەنابی سەرۆک بارزانی نەبووایە، ئەو پێکەوەژیانە بەو ئاستەی ئێستا نەدەگەیشت و، لەوانەیە بە پاڵنەر و هۆکاری جۆراوجۆر لەمپەری زۆریشی بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێم و سومعەی کورد لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیقلیمی لێ کەوتبایەوە**

**شەریعەتی ئیسلام پاڵپشت و هاندەری پێکەوەژیانە و بە کردەییش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەمەی سەلماند، کاتێ لە مەدینە دەستووری مەدەنیی نووسییەوە، ئامانجی سەرەکیی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تائیفە و پێکهاتەکانی مەدینە بوو**

دووەم: تا هەر نەتەوەو گەلێك ددان بە مافی گەلەکەی دیکەدا بنێت، چونکە پێکەوەژیان و یەکترناسی بێ ددانـنان بە مافی یەکتری نایەتەدی.

سێیەم: هەر گەل و نەتەوەیەك پەیامی ئاشتەوایی و دۆستایەتی و پەیوەندی بکاتە پردی ئاشنابوونی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا.

چوارەم: دەبێت هەر نەتەوە و هۆز و گەلێك ئەوی بەرامبەری قەبووڵ بێت، چونکە بێ ئەو چەمکە تەعاروف و پێکەوەهەڵکردن سەرناگرێت و دەپووکێتەوە.

پێنجەم: هەر تیرە و هۆز و گەلێك ددان بە تایبەتمەندیی گەلەکەی دیکە بنێت و، ڕەچاوی فەرهەنگ و کولتوور و نەریتەکانی بکات، چونکە ئەم دابەشبوونە ویستی خودای لەسەرە، نەك ویستی نەتەوەکان خۆیان بێت.

ئەمە جیهانبینیی ئیسلام لە پرسی پێکەوەژیان نیشان دەدات، کە نەتەوەکانی وەك خۆیان قەبووڵە و خەڵکیش لەوە هۆشیار دەکاتەوە، کە ئەو دابەشبوونە ویستی خودایە و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و، بکرێتە هۆکاری دەستەواییکردنی یەکتر و لێك نزیکبوونەوەی دۆستانە و پاڵپشتیکردنی یەکتر و بەرجەستەکردنی بە یەکەوە ژیان.

شەریعەتی ئیسلام پاڵپشت و هاندەری پێکەوەژیانە و بە کردەییش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەمەی سەلماند، کاتێ لە مەدینە دەستووری مەدەنیی نووسییەوە، ئامانجی سەرەکیی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تائیفە و پێکهاتەکانی مەدینە بوو، لە چەندین بەند و بڕگەدا ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان کردووە، تەنانەت لە کۆی ٥٢ مادەی دەستوورەکە، بیست و حەوتیان پەیوەست بووە بە مافی پێکهاتەکانی شاری مەدینە، کە دەکرێ ئەم دەستوورە وەك بنەمایەکی گرنگ و گەورەی پەیوەست بە پرسی بەیەکەوەژیان دابنرێت و سوودی لێ وەربگیرێت، وێڕای ئەمەش هەموو ئایینەکان سەرەڕای جیاوازییان لە دروشم و پەرستش، بەڵام لە چەند خاڵێکدا جۆرە هاوڕەنگی و هاودەنگی و خاڵی هاوبەش کۆکیان دەکاتەوە، کە هانی پەیڕەوکارانیان دەدەن، تا بە تەناهی و دوور لە ئاژاوە و کێشە، لەگەڵ پەیڕەوکارانی ئایین و ئاییزاکانی دیکەدا بژین.

هەرچەندە هەندێك جار ڕوو دەدات پەیڕەوکاری ئایینێك بەهۆی دەرمارگیرییەوە، یان هەڵە حاڵیبوون لە ئایینەکەی، بەرەو توندوتیژی لە بیر و گوفتارو کرداردا بڕوات و، ئایین و ئایینزای ئەوانی دی ڕەت بکاتەوە، یان قەبووڵی پێکەوەژیانی ئاشتییانە نەکات، بەڵام ئەمە زیاتر ڕەفتاری تاك و هەڵسوکەوتی پەیڕەوکارێکە و نوێنەرایەتی... نمایندەی کۆی ئایینەکە ناکا، چونکە ڕێنمایی و پەیامی ئایین بەگشتی هاندەر و پاڵنەری وێکڕاژیان و لێبوردەییە و کێشە لە دەقدا نییە، بەڵکو ئاریشەکە زیاتر نزمیی ئاستی هۆشیاری کولتووری و مرۆیی و جۆری هەڵسوکەوت و مامەڵەی کۆمەڵگەیە.

خۆشبەختانە لە کوردستان پێکەوەژیان ناو و ناوەرۆکێکی جوانی هەیە و، یەکێك لەو شانازییانەی سەری کوردی بەرز کردووەتەوە، پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایین و ئایینزا و پێکهاتە نەتەوەییەکانە، دیاریشە کە هەموو ئەو بۆچوون و ئایین و پێکهاتانەی لە کوردستان هەن، ئاسان نییە ئیدارەدان و هاوسەنگی ڕاگرتنیان، بەڵام مێژوویەکی هەیە، ئەمەش بەرهەم و زادەی ئەو قەناعەتە ئایینی و هۆشیارەییە دروستەیە، کە لە دێرزەمانەوە تاکی کورد بڕوای پێیەتی و، لە هەموو بارودۆخێکدا پارێزگاریی لێ کردووە، با کەم و زیادیشی کردبێت.

لەوەشدا بە دیوێکدا زانایانی ئایینی ڕۆڵێکی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەست و هۆشیارەییە زۆرەدا بینیوە و، فاکتەری بە زیندوو هێشتنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیان و یەکتر قەبووڵکردن و سەقامگیریی کۆمەڵگە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بوون، چونکە لە دیدی ئەوانەوە، بە ئەندازەی قەناعەت هەبوون بەرامبەر ئایین ئەرکە و پێویستە قەناعەت بە پێکەوەژیان هەبێت.

بەدیوەکەی دیکەدا، ناکرێت ڕۆڵی سەرکردایەتیی کورد لە پاراستن و ڕاگرتن و پشتگیریکردنی ڕەوشی پێکەوەژیان و شۆڕکردنەوەی ئەو هەستە بۆ نێو کۆمەڵگەو بە کردەییکردنی دروشمەکان و حیسابکردن لە پشکی سیاسی و یاسایی و ئامادەگی لە پرسە چارەنووسسازەکان و لێك نزیککردنەوەی ئایینەکان و پێکهاتەکان نادیدە بگیرێت، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەگەر پاڵپشتیی سەرکردایەتیی

کورد، بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی نەبووایە، ئەو پێکەوەژیانە بەو ئاستەی ئێستا نەدەگەیشت و، لەوانەیە بە پاڵنەر و هۆکاری جۆراوجۆر لەمپەری زۆریشی بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێم و سومعەی کورد لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیقلیمی لێ کەوتبایەوە.

ئەو پێکەوە ژیانەی لە کوردستان هەیە، خۆڕسکە و لە سەر بنچینەی قەناعەتی ئایینی و ئاشتییانە بووە، لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی شکۆمەندانەی هەیە و، بووەتە سیمایەکی جوانی کوردستان، لەهەمان کاتدا خەسڵەت و خاسیەتی پێکەوەژیان لێرە جیاوازتر و فرە ڕەهەندترە، سەیرکە! پەیڕەوانی ئایینزا و پێکهاتەی نەتەوەیی لە جیاوازی نەکردن لە ئەرك و ماف و پێدانی پلە و پۆست و پەیوەندیی دۆستایەتی و، بەشداریی چالاکی و سەردان و هاموشۆی یەکتر و دەربڕینی هەڵوێست لە کاتی خۆشی و نەخۆشی و، بۆنەی کۆمەڵایەتی و جەژن و یادی مەولوود و لەدایکبوونی مەسیح لەلایەك و، بەشداریی شۆڕش و کۆبوونەوەی جەماوەری و هەڵوێست و ڕێپێوانی نیشتمانی و زیندووکردنەوەی یاد و بۆنەی نەتەوەیی و چالاکیی ڕۆشنبیری و نووسین و هونەر و پۆشینی جلی کوردی و کاری بازرگانی و کۆمەکی ئاوارە و یەکهەڵوێستیی پیاوانی ئایینی لە پرسە نیشتمانییەکان و، ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەرگری لە کوردستان لەلایەکی دیکەوە، جوانترین وێنای پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی پیشان داوە و، لەسەر ئەرزی واقعیش بە کاکڵ و توێکڵەوە بەرجەستە بووە و کەمترین پەڵە و کێشە لەو بوارەوە هەبووە.

بە کورتی پێکەوەژیان بەو پێیەی زەروورەتی ژیانە، بە پلەی یەکەم خواستی شەریعەتی ئیسلامیشە، بەو مەفهوومەی دەتوانین لەگەڵ یەك بژین، نەك بە ناچاری و بە زەبری هێز بۆچوونی بەرامبەر بخەینە ناو هزر و بۆچوونی یەکدی و، هەوڵی سڕینەوەی یەکتر بدەین، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە هەموان بە جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی شانازی بە تابلۆی جوانی پێکەوەژیان و شوناسی نیشتمانیی خۆمانەوە بکەین و، تێکڕای خاڵە هاوبەشەکان لەپێناو یەکڕیزیی نیشتمانیدا بەکار بهێنین.









**دەیڤید فیلیپس**

**بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیاتنانی ئاشتی و مافەکان لە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ گوڵان:**

# پێویستە کورد بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکات و حکومەتەکەی خۆشی بەهێز بکات




دەڤید فیلیپس بەڕێوەبەری پڕۆگرامی بنیاتنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئینستیتوتی دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، ڕاوێژکاری باڵای سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و شارەزای کاروبارە دەرەکییەکان و ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە. هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد و، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پڕۆگرامی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی کۆڵۆمبیا بووە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق و پرسی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق و، بەشداریکردنی کورد لەم پرۆسەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.






**ئەمریکا لە ئەفغانستان هەندێ هەڵەی جددیی کرد، ئەرکی سەرەتایی ئێمە بریتی بوو لەوەی نەوایەکی ئارام لەم وڵاتەدا بۆ ئەلقاعیدە نەبێت، ئەمە ڕاستەوخۆ دوای ١١ی سێپتەمبەر بەدیهات**

**ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن دەستبەرداری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا دەکات**

**ئەمریکا دوو تریلیۆن دۆلاری خەرج کرد و، هەوڵی دا دیموکراسی لە ئەفغانستاندا بنیات بنێت، بەڵام لە هەر لە سەرەتاوە چارەنووسی ئەم هەوڵە شکست بوو**

*** سەرەتا دەمانەوێت بە پرسیارێکی گشتی دەست پێ بکەین لەبارەی هەڵسەنگاندنتان بۆ سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئایا ڕای ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- یەکەم شت دەبێت ئەوە بڵێین کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەستبەرداری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا دەکات، ئەم ئیدارەیە لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا نییە، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێی شەراکەتەوە کار بکات و جەخت لەسەر بەهای هێزی نەرمی وڵاتەکەی دەکاتەوە، واتە هێزی نەرمی تەوەربەند لەسەر بەهاکانی ئەمریکا و لەسەر کولتوور و ئابووری و جەختکردنەوەیەکی کەمتر لەسەر هێزی سەربازیی ئەمریکا.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك ئەم سیاسەتە لە بەدەستهێنانی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیدا کارا و سەرکەوتوو بووە؟**

- ئامانجە ڕاگەیەندراوەکە بریتییە لە برەودان بە ئاشتی و پەرەپێدانی سەقامگیری و سیستمە دیموکراتییەکان، تا بتوانن پارێزگاری لە بەرەوپێشچوون بکەن. ئەوەی لەم ڕووەوە ڕوونە ئەوەیە کە ئەمریکا لە ئەفغانستان هەندێ هەڵەی جددیی کرد، ئەرکی سەرەتایی ئێمە بریتی بوو لەوەی نەوایەکی ئارام لەم وڵاتەدا بۆ ئەلقاعیدە نەبێت، ئەمە ڕاستەوخۆ دوای ١١ی سێپتەمبەر بەدیهات. دواتر دەستمان دایە ئەرکی بنیاتنانی نەتەوە لەو وڵاتەدا، واتە لە ماوەی ٢٠ ساڵدا، ئەمریکا دوو تریلیۆن دۆلاری خەرج کرد و، هەوڵی دا دیموکراسی لە ئەفغانستاندا بنیات بنێت، بەڵام لە هەر لە سەرەتاوە چارەنووسی ئەم هەوڵە شکست بوو، کە دەبوو ئێمە ئامانجەکانمان چڕ بکردایەتەوە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکەمان، کە بریتی بوو لە ڕێگریکردن لەوەی ئەلقاعیدە نەوایەکی ئارامی نەبێت لەو وڵاتەدا، کە دەمانتوانی دوای لەناوبردنی ئوسامە بن لادن، سەرکەوتنمان ڕابگەیاندایە و هێزەکانمان بکێشایەتەوە، بە داخەوە، ئیدارەی بوش دەستی دایە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە ئەفغانستاندا، کە هەر لە سەرەتاوە ئەمە کارێکی هەڵە بوو.

*** کەواتە پێت وایە ئەم ئیدارەیە دەست هەڵدەگرێت لە پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیاتنانی نەتەوە؟**

- نەخێر، پێم وانییە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام وەك هێزێکی چاکەکار دەمێنێتەوە و هێزی نەرمی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ هاوکاریکردنی وڵاتان، تاوەکو پەرە بە سیستمەکانی حوکمڕانییان بدەن و، برەو بە مافەکانی مرۆڤ بدەن. بەڵام لە ئێستادا دوودڵە لە بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکە بۆ برەودان بەم ئامانجانە. لەم ڕووەوە ئەمریکا هاوسەنگییەکی نوێ دەدۆزێتەوە لە نێوان هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیپلۆماتییەکانی و گرتنەبەری ڕێچکەیەك کە ڕێگاچارەی سەربازی لەخۆ نەگرێت، بەڵام هێشتا ئەم هاوسەنگییە بەدی نەهاتووە و کاری لەسەر دەکرێت.

*** کەواتە باوەڕت وانییە کە ئەم ئیدارەیە بە پێچەوانەی ئیدارەی پێشوو پەنا بباتە بەر سزا و ئابڵوقەی ئابووری و دارایی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە؟**

- جارێ دەبێت ئەوە بڵێین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت خۆی بە دوور بگرێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارەکانی جیهاندا، بەڵام ئەو ئامرازانەی بەکاریان دەهێنێت لەم ڕووەو،ە لە بەرەوپێشچووندان. ئەمریکا دەرسی لە ئەفغانستان وەرگرتووە و پێویستە لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا پەیڕەوییان لێ بکەین، کەواتە، بەڵێ هەمیشە بەکارهێنانی سزا و ئابڵوقەی ئابووری وەك ئامرازێکی سەرەکی لە دەستی ئەمریکا دەمێننەوە.

*** ئەگەر باس لە بارودۆخی عێراق بکەین، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن لەم بارودۆخە دەڕوانن و ئایا چۆن سەیری ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق دەکەن، بە تایبەتی لە دوای گفتوگۆکان بۆ کۆتاییهێنانی ئەرکی شەڕ لەم وڵاتەدا؟**

- دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامانجی ستراتیژی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران، لەبەر ئەوەی عێراق بووەتە گۆڕەپانی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە بەرامبەر دەستڕۆیشتوویی ئەمریکادا، ئەوا پێشبینی ئەوە دەکەم ئەمریکا لە عێراقدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی عێراق نەبێتە کۆلۆنییەك، یان پاشکەوتەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

*** کەواتە پێت وایە ئەگەری ئەوە هەیە شەراکەتێکی ستراتیژی و درێژخایەن لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا بەدی بێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەنجامدانی دیالۆگی ستراتیژی خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە و، لەم ڕووەوە هاوکاریی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەرەوپێش دەچێت و، سرووشتی هاوکاریی نێوان ئەمریکا و عێراقیش بەندە بە ڕووداوەکانی نێو عێراقەوە، من پێشبینی ئەوە ناکەم ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، ئێمە بەرژەوەندیی ستراتیژی و ئەمنیی گرنگمان هەیە، کە دەکرێت لە ڕێی مانەوەی ئەمریکا لەم وڵاتەدا بەدی بێت. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە ئیدارەی بایدن نایەوێت لە شەڕە بێکۆتاییەکانەوە تێوە بگلێت و، نایەوێت هێزی سەربازی بەکار بهێنێت، تەنیا لە حاڵەتی زۆر پێویستدا نەبێت. پێم وایە ئاستی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا لەگەڵ پێداویستییەکانی عێراق و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا گونجاون و دەبێت پارێزگاریی لێ بکرێت.

*** ئایا دەکرێت بڵێین ئەمریکا عێراق دەکاتە قوربانیی گفتوگۆکانی بۆ گەڕانەوە بۆ نێو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا؟**

- سیاسەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانە دەبن کە پێداویستییەکانی عێراقییەکان بەدی دەهێنن، لەم ڕووەوە هەوڵەکان چڕ دەبنەوە لە کۆتایی پێهێنانی ناکۆکی و توندوتیژی، سەقامگیرکردنەوەی وڵاتەکە و، بەرەودان بە پەیوەندییە تایفەگەرییەکان، بە چەشنێك کە بگونجێن لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمریکادا، هەروەها تا ئێران بەردەوام بێت لە کارە ناسەقامگیرکارەکانی، ئەوا ئەمریکا






چاودێریی چالاکییەکانی ئەو وڵاتە دەکات و، ناکرێت متمانە بە ئێران بکرێت، بە تایبەت لە عێراقدا.

*** ئەی پێت وایە هیچ پێشکەوتنێك ڕوویدات لە پرۆسەی گفتوگۆکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە لەگەڵ ئێراندا و، بە تایبەتی کە ئیدارەی بایدن بەم ئاراستەیە دەستی بە گفتوگۆ کردووە؟**

- من ئومێدەوارم بەرەوپێشچون بەدەست بێت، بەڵام لە ئێستادا هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نییە کە ئەم بەرەوپێشچوونە بەدی بێت، من پێم وایە پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە فشاردروستکردن لە سەر ئێران، لەم ڕووەوە کار لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکات، بۆ ئەوەی ئێران دەستی واڵا نەبێت و نەتوانێت لە دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراق بەردەوام بێت، دەبێت کار بکات بۆ کۆنترۆڵکردنی دەستڕۆیشتوویی خراپی ئێران لە ناوچەکەدا.

*** بەڵام هەروەك دەزانن عێراق بە دەست چەندین کێشەوە گرفتارە، ئێوە چۆن وەسفی ئەم دەوڵەتە دەکەن، پێت وایە دەوڵەتێکی شکستخواردووە، یان لاواز؟**

- عێراق لە بارودۆخێکی لاوازدایە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی دەستڕۆیشتوویی دەرەکییەوە. دەبێت عێراق و هاوبەشە عێراقییەکانی پێکەوە کاربکەن بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان و برەودان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و ئەمریکاش دەکات.

*** لە ئێستادا عێراق نزیك دەبێتەوە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك ئەگەری ئەوە هەیە، ئەم هەڵبژاردنانە ببنە مایەی بەرەوپێشچوون و پێکهێنانی حکومەتێکی کارا؟**

- من نامەوێت مەزەندە بکەم لە بارەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، بەڵام دەبێت حکومەتی نوێ، حکومەتێکی گشتگیر و کارا بێت، حکومەتەکانی پێشووی عێراق کارا نەبوون لە ئیدارەدانی کاروبارەکانی وڵاتەکەدا، کاتی ئەوە هەیە عێراقییەکان هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە و ڕێگای نوێی پێکەوەکارکردن بگرنەبەر، هاوکاری لە نێو عێراقییەکاندا ئاماژەیەك دەبێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان لەئاست ئەرکەکەدان.

*** ئێوە چۆن لە بەشداریکردنی کورد لەم هەڵبژاردنانەدا دەڕوانن؟**

- پێویستە کورد بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا بکات، لە هەمان کاتدا دەبێت حکومەتەکەی خۆیان بەهێز بکەن، ئەگەر هاتوو عێراق داڕووخا، ئەوا با ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی کورد نەبێت. کورد دەتوانێت هاوکاری لەگەڵ بەغدا بکات کاتێك ئەم هاوکارییە دەبێتەهۆی برەودان بە بەرژەوەندییەکانی کورد.

*** ئەی ڕاسپاردەت بۆ کورد، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان چییە لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ عێراقدا و، ئایا پێت وایە کورد بتوانێت بگاتە شەراکەت و تەوافوق لەگەڵ عێراقدا؟**

- پێویستە ئامانجەکە بەدیهێنانی هاوکاری بێت نەك شەراکەتی تەواو، دەبێ کوردستانی عێراق لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئاستی پشتیوانیی ئەمریکا شێوازی مامەڵەی خۆی لەگەڵ عێراقدا دابڕێژێتەوە.

*** ئایا پێت وانییە کەمکردنەوە و کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، ببێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوە و خۆڕێکخستنەوەی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان؟**

- من پێم وانییە پێویست بەوە بکات کە ئەمریکا هێزەکانی کەم بکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت ئەرکی ئەم هێزانە بگۆڕێت بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزم، بەڵام بەبێ بوونی هێزەکانی ئەمریکا، عێراق لە بارودۆخێکی لاوازدا دەمێنێتەوە و مەترسیی ئەوە هەیە ببێتە پاشکۆی ئێران، دواتر دەبێت ئەوە بڵێین کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕێی هاوکاریی نزیکی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەدی دێت، پێویستە ئەمریکا هاوکاری لەگەڵ بەغدا و هەرێمی کوردستاندا بکات. بەڵام ئەگەر دەرکەوت بەغدا شەریکێکی

**لەبەر ئەوەی عێراق بووەتە گۆڕەپانی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە بەرامبەر دەستڕۆیشتوویی ئەمریکادا، ئەوا پێشبینی ئەوە دەکەم ئەمریکا لە عێراقدا بمێنێتەوە**

**پێشبینی ئەوە ناکەم ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، ئێمە بەرژەوەندیی ستراتیژی و ئەمنیی گرنگمان هەیە، کە دەکرێت لە ڕێی مانەوەی ئەمریکا لەم وڵاتەدا بەدی بێت**

**پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە فشاردروستکردن لە سەر ئێران، لەم ڕووەوە کار لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکات، بۆ ئەوەی ئێران دەستی واڵا نەبێت و نەتوانێت لە دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراق بەردەوام بێت**







باوەڕپێنەکراوە، یان بووەتە پاشکۆی ئێران، دەبێت ئەمریکا تەرکیز لەسەر کوردستان بکات و لە نزیکەوە کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکات.

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا هەندێ هێز هەن کە جار لە دوای جار هێرش دەکەنە سەر دامەزراوە دیپلۆماتی و سەربازییەکانی ئەمریکا و کونسوڵگەریی ئەمریکا لە هەولێر و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، بە تێڕوانینی ئێوە پێویستە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵ لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکەن؟**

- ئاشکرایە کە ئەو هێزانە بۆ بەرژەوەندیی ئێران کار دەکەن، پێویستە هێزەکانی عێراق بەرەنگاری ئەم هێرشانە ببنەوە و پارێزگاری لە بوونی ئەمریکا بکەن لە وڵاتەکەدا، نابێت ئەمریکا بە تەنیا ئەم کارە بکات، ئەمە بەرپرسیارێتیی حکومەتی عێراقە و پێویستە ئەم بەرپرسیارێتییە جێبەجێ بکات.

*** پێشبینیت بۆ ئایندەی عێراق لە ڕووی باشترین سیناریۆ و خراپترین سیناریووە چییە؟**

- ئەگەر عێراق بە ناسەقامگیری بمێنێتەوە و بەرەو لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە بڕوات، ئەوا پێویستە ئەمریکا ئیدارەی ئەم دۆخە بکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی بکات لە کوردستانی عێراقدا و، هاوکارییەکی ئەمنی و ئابووریی پتەوی هەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

**• ئێوە لە ساڵی ٢٠١٨دا کتێبکتان نووسی بە ناوونیشانی ناپاکییە گەورەکە، چۆن ئەمریکا پشتی لە کورد کرد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەدەست دا، ئێستا چۆن لە پەیوەندیی نێوان کورد و ئەمریکا دەڕوانن؟**

- جگە لە کورد ئەمریکا دۆستێکی دیکەی نییە لە عێراقدا، و جگە لە ئەمریکاش کورد دۆستێکی دیکەی لە عێراقدا نییە. پێویستە هەردوولا جەخت لەسەر زەمینەی هاوبەش و بەهێزکردنی هاوکاری نێوانیان بکەنەوە، چونکە لە ڕێی هاوکارییەوە هەردوولا دەتوانن برەو بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بدەن.




**ئۆفران بینگیۆ**

**تایبەتمەندی کاروباری عێراق و کورد بۆ گوڵان:**

# هەر کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان یەکڕیز و بەهێز بووبێت دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە

ئۆفران بینگیۆ پرۆفیسۆر و توێژەری باڵایە لە سەنتەری موشێ دایان بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لە زانکۆی تەل ئەبیب و، سەرۆکی بەشی پرۆگرامی دیراساتی کوردییە لە هەمان سەنتەر، هەروەها وانەبێژە لە کۆلێژی شالێم، لە قودس، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك: مێژووی هاوچەرخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی مۆدێرن و هاوچەرخی عێراق، تورکیا و کورد. هەروەها بایەخ دەدات بە کولتوور و ئەدەبییاتی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بوون بە بارودۆخ و کێشە و قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، بەتایبەتی هەلومەرجی هەرێمی کوردستان و ئایندەی ئەم هەرێمە لە عێراقدا.

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت و، ئایا ئەو پەرەسەندنانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانین؟**

- ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت، بریتییە لە بوونی چوار سەنتەری سەرەکی، کە هەر یەکەیان بە ڕێگەی دیاریکراوی خۆی پەرە دەستێنێت، یەکەم و گەورەترینیان بریتییە لە جیهانی عەرەبی، کە خۆی لە خۆیدا بەسەر دوو گرووپی سەرەکیدا دابەش بووە: وڵاتە عەرەبییە سەرەکییەکان و وڵاتە لاوەکییەکان، ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتە سەرەکییەکانەوە کە لە ڕابردوودا سەرکردەی جیهانی عەرەبی بوون و هەڵگری پرۆژەی پان-عەرەبیزم بوون، لە ئێستادا لە لاوازترین، یان ناسەقامگیترین بارودۆخدان، کە سووریا، لوبنان، عێراق و میسر لەخۆ دەگرن، کە بەدەست شڵەژان و نائارامییەوە گرفتارن، هەروەها بەدەست کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری، دیموگرافی و سیاسییەکانەوە، کە ئەم کێشانەش بە تێپەڕبوونی کات خراپتر و ئاڵۆزتر دەبن. ئەوەی پەیوەندیدار بێت بەو وڵاتانەی پێیان دەگوترێت وڵاتە لاوەکییەکان، وەك وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، یان مەغریب، ئەوا سەقامگیرترن و خاوەنی شەرعییەتێکی زیاترن بەراورد بە وڵاتە سەرەکییەکان، کە حکومەتەکانیان شەرعییەتێکی کەمتریان هەیە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە هەندێ هەنگاوی بوێرانە هەڵدەگرن، وەك






**ڕاستە ئەم گرووپە تیرۆریستییانە کەمینەیەکی بچووکن، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا کەمینەکان بڕیار دەدەن چی ڕووبدات لە هەندێ شوێنی دیاریکراودا**

**بە هەمان شێوەی ڕابردوو هێشتا کێشەی یەکڕیزی کێشەی سەرەکییە، کە کاریگەریی بووە لەسەر چارەنووسی کورد بە تێکڕا**

**ئایندەی کوردستان بەندە بە بەهێزیی کۆمەڵگە و بە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ تێپەڕاندنی کێشە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکان**

واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا. سەنتەری دووەم بریتییە لە ئێران کە بە پێداگرییەوە کار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی شیعەگەرایی و بەهێزکردنی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر لە عێراقەوە بۆ سووریا تاوەکو لوبنان، ئامانجە سەرەکییەکەشی بریتییە لە تێکشکاندنی ئیسرائیل. سەنتەری سێیەم بریتییە لە تورکیا کە لەوەتەی پارتی داد و گەشەپێدان دەسەڵاتی گرتووەتە دەست لە ساڵی ٢٠٠٢، ئەوا گۆڕانکاریی دراماتیکی بەخۆوە دەبینێت لە ڕووی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکییەوە. تورکیاش بە چەشنی ئێران ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە کە ببێتە هێزێکی هەژموونکار بەسەر ناوچەکەدا، ئەویش وەك بەشێك لە زیندووکردنەوەی عوسمانیزم، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە کوردییەکان لە سووریا و عێراق و، بە شێوەیەکی ئاشکرا، یان پەنهانی ململانێ لەگەڵ ئێران، یان ئیسرائیلدا دەکات، دوایین سەنتەر بریتییە لە ئیسرائیل کە یەکێکە لە بەهێزترین وڵاتانی ناوچەکە لە ڕووی ئابووری، سەربازی و زانستییەوە، ئەگەر پوختی بکەینەوە ئەوا ئەم چوار سەنتەرە هەندێ جار ململانێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و، هەندێ جار لە یەکتری نزیك دەبنەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی، چۆن لە هەوڵەکانی بە دیموکراتیکردن دەڕوانیت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی دوای بەهاری عەرەبی، ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەگەری بەدیموکراسیبوون لەم ناوچەیەدا زۆر لاوازە؟**

- لە ڕاستیدا دوو کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورە هەن کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم پەرەپێدان و بەهێزکردنی دیموکراسی لە نێو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکەمیان بریتییە لە سیستمە پەروەردەییەکە، چونکە تا ئەو کاتەی ئەم سیستمە کار لەسەر ئەوە دەکات قوتابییەکان تەنیا ئەو بابەتانە بزانن کە مامۆستاکانیان پێیان دەڵێن، بێ ئەوەی خۆیان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر بکەنەوە و، بە ئازادانە پەرە بە بیرۆکەکانیان بدەن و، دەستپێشخەریی خۆیان هەبێت، ئەوا ئەگەرێکی لاواز لە ئارادا دەبێت بۆ هاتنەئارای دیموکراسی. ئەوەش ڕاستە کە بەهاری عەرەبی ڕووی دا، بە پێشەنگیی لاوان بووە هۆی هەڵکشانی ئومێد بە هاتنەئارای دیموکراسی، بەڵام لەبەر ئەوەی ژێرخانی پەروەردەیی زۆر لاواز بوو، ڕژێمە تاکڕەوەکانیش توانییان ئەم دەستپێشخەرییانە لە ناو ببەن. دووەم کێشەی گەورەی ئەم کۆمەڵگەیانە بریتییە لە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەتان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بەو پێیەی کە تا ئەم کەموکورییانەی نێو سیستمە پەروەردەییەکە و کێشەکانی پەیوەست بە ئافرەتان بەردەوام بن لەم کۆمەڵگەیانەدا، ئەوا ئەگەری بەدیهێنانی دیموکراتی لاواز دەبێت. سەبارەت بەو ڕژێمانەی ترسیان لە کرانەوەیەکی لەم چەشنە هەیە، ئەوا هەموو کارێك دەکەن بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی چاکسازیی قووڵ، لەبەر ئەمەشە کە ئەم کۆمەڵگەیانە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێنەوە.

*** هەندێ جار وا دەردەکەوێت کە سەرجەم هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی و تەحەددییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ ئاکام بن، لێکدانەوە و ڕاڤەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من کۆمەڵگەکانی هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان و تەنانەت تورکیا و ئێرانیش ئەوەیە کە گرفتارن بە دەست هەندێ کێشەوە، کە دەبنەهۆی ئەوەی نەتوانرێت ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێن، یەکێك لە کێشە گەورەکان بریتییە لەوەی ئەم کۆمەڵگەیانە لە ڕابردوو دەڕوانن، کە بە تێڕوانینی ئەوان ڕابردوویەکی مەزنە و لەم ڕووەوە ئەوان هیچ لە ئایندە ناڕوانن، بەو پێیە ئەوان پەرۆشن بۆ سەردەم و سەروەختێك کە ئیمپراتۆریەت بوون، ئیدی ئیمپراتۆریەتی موسڵمانان، فارسەکان، یان عوسمانییەکان بێت. ئەمەش سەری کێشاوە بۆ زیندووکردنەوەی ڕابردوو، یان لاساییکردنەوەی ڕابردوو، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە بەدی بهێنن لە بواری سیاسی، زانستی، یان پەروەردەیی، یان ڕێککەوتن بکەن و بەرەوپێش بچن. بۆ نموونە، میزۆپۆتامیا/عێراق سەنتەری ئیمپراتۆریەتی عەبباسی بوو، بەڵام دوای داگیرکاری مەنگۆلییەکان ئەم ئیمپراتۆریەتە لە ئارادا نەما، کەچی هێشتا پەرۆشە بۆ ئەو سەردەمە، ئەمە لە کاتێکدا کە گرفتارە بەدەست ئەو کێشانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردن. نموونەیەکی دیکە بریتییە لە داعش کە ڕۆژگار و سەروەختی سەرهەڵدانی ئیسلام بە شێوازی خۆی ڕاڤە دەکات و لێکی دەداتەوە و، هەموو جۆرە تاوانکارییەك دەکات لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا. کێشەکەی دیکە بریتییە لە لەئەستۆنەگرتنی بەرپرسیارێتی و بەردەوامبوون لەوەی ئۆباڵی کێشەکانی کۆمەڵگەکانیان بخەنە ئەستۆی ئەوانی دیکە، وەك کۆلۆنیالیستەکان، ڕۆژئاوا و ئیسرائیل. بەو پێیە، سەرکردایەتیی ئەم وڵاتانە هەوڵ نادەن گۆڕانکاریی ئەرێنی لە بارودۆخەکەدا بکەن، بەڵکو گرتنەبەری ڕێگای ناکۆکییان پێ باشترە، کە پێیان وایە بەم شێوەیە دەتوانن باشتر کۆمەڵگەکانیان ئامادە و ئیحتیواء بکەن.

*** هەروەك دەزان چەندین گرووپ و تاقمی توندڕەو و تیرۆریستی لەم ناوچەیەدا هەن، کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆریان ناوەتەوە، بەدیدی ئێوە، کێشە بونیادییەکان چین کە دەبنەهۆی سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە و ئایا دەتوانرێت چی بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەیان؟**

- کێشەکە ئەوەیە ئەم گرووپانە پشتیوانیی کۆمەڵگەکانیان بەدەست دەهێنن، واتە ئەم گرووپانە لە بۆشاییەوە دروست نابن، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوەی کۆمەڵگەکانیانن، کە شەرعییەت و پشتیوانییان بۆ دەستەبەر دەکەن، بۆ نموونە: داعش بە بێ پشتیوانیی گرووپە سوننەکان سەرکەوتوو نەدەبوو، ئەو سوننانەی نائومێد بوون بە هۆی لەدەستدانی سەدان ساڵی هەژموونیان بەسەر میزۆپۆتامیا/عێراقەوە. هەروەها ئەوە ڕاستە ئەم گرووپە تیرۆریستییانە کەمینەیەکی بچووکن، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا کەمینەکان بڕیار دەدەن چی ڕوودات لە هەندێ شوێنی دیاریکراودا. لەلایەکی دیکەوە، ئافرەتان لە زۆربەی ئەم کۆمەڵگەیانەدا، بەشدارییەکی چالاکییان نییە لە سیاسەتدا، بەو پێیە ناتوانن بەشداری لە پرۆسەکانی ئاشتی لە ناوچەکەدا بکەن، لە ڕاستیدا چارەسەرێکی سیحری نییە بۆ ئەم کێشانە، بەڵام هەرچۆنێك بێت پێویستە لە پەروەردەوە و، لە گۆڕینی دیدگایان بۆ ئایندە دەستپێبکەن و ئافرەتان توانادار بکەن، بۆ ئەوەی بە فیعلی ببنە نیوەی کۆمەڵگە.


*** چۆن لە بارودۆخ و ئایندەی کوردستان دەڕوانیت لە عێراقدا؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا ئەمە بەندە بە بەهێزیی کۆمەڵگەکەوە، کێشە سەرەکییەکان کە دەبێت کار لەسەر چارەسەرکردنیان بکرێت، بریتین لە کێشەکانی بەدیموکراتیکردن، پەروەردە، گەندەڵی، ڕۆڵی ئافرەتان و لە هەمووی گرنگتر، یەکگرتوویی نێو کۆمەڵگەیە. بە هەمان شێوەی ڕابردوو هێشتا کێشەی یەکڕیزی کێشەی سەرەکییە، کە کاریگەریی بووە لەسەر چارەنووسی کورد بە تێکڕا. پێویستە ئەوە بە بیر بهێنینەوە کە هەر کاتێك کورد یەکگرتوو بووبێت، ئەوا دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە، هەروەك لە دوای ساڵی ٢٠٠٣دا بەدیمان کرد، کە بوونە پارسەنگی هاوکێشەکە و پۆستی گرنگیان لە حکومەتی مەرکەزیدا بەدەست هێنا و کاریگەر و دەستڕۆیشتوو بوون لە نووسینەوەی دەستووردا، کەواتە ئایندەی کوردستان بەندە بە بەهێزیی کۆمەڵگە و بە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ تێپەڕاندنی کێشە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکان.




**بۆ ئەوەی لە عێراقدا هەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزا و هزرە جیاوازەکان ئازاد بن، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

# ڕۆژی جیهانیی هەوای پاك و ڕۆژی جیهانیی ئۆزۆن



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕۆژی جیهانیی هەوای پاك

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٧ی ئەیلوولی هەموو ساڵێکی کردووەتە ڕۆژی جیهانیی هەوای پاك و، ئەمساڵیش بە دروشمی (هەوایەکی تەندروست، هەسارەیەکی تەندروست) ئەم بۆنەیە یاد دەکاتەوە. لە کاتێکدا ٩٢٪ی دانیشتووانی جیهان بە شێوەیەك لە شێوەکان تووشی هەڵمژینی هەوای پیس دەبن و، نزیکەی ٧ ملیۆن کەسیش ساڵانە بە هۆی پیسبوونی هەواوە گیان لەدەست دەدەن، لە ٣٧٪ی وڵاتانی جیهانیش چاودێریکردنی جۆری هەوا جێگەی بایەخپێدان نییە، بۆیە پیسبوونی هەوا مەترسییەکی گەورەیە لە سەر تەندروستیی مرۆڤ و گۆڕانکاریی کەش و هەوا و، فرەچەشنیی زیندەوەرەکان و کوالێتی ژیان.

دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمەکانی ماددەی دەیەم لە یاسای دەستەی ژینگە ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٠ و، حوکمەکانی بەشی دووەم و ماددەی چل و پێنجەم لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨، لە ئێستادا ڕێنمایی پاراستن و چاککردنی هەوا)ی ئامادە کردووە، کە لە ٢٦ ماددەو ٧ پاشکۆ پێك دێت، بۆ بڵاوکردنەوەیەتی لە وەقائیعی کوردستانی.

هەروەها لە هەماهەنگیی بەردەوامدایە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بۆ دابینکردنی کارەبای بەردەوام و کارەبا لەسەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە و، لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەش بۆ دابینکردنی هۆکاری گواستنەوەی گشتیی مۆدێرن و هاوچەرخ و، لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان و باشترکردنی کوالێتی سووتەمەنییەکان و، قەدەغەکردنی دانانی پاڵاوگەی نایاسایی و، ڕاگرتنی سووتاندنی غازی هاوەڵ و، هاوردەکردنی نوێترین تەکنۆلۆژیای سەوز لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا و، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆش بۆ ڕێگرتن لە ئۆتۆمۆبێلی کۆن و بێ کوالێتیی ژینگەیی و، لەگەڵ وەزارەتی بازرگانییش بۆ هاوردەکردنی زیاتری ئۆتۆمۆبێلی دۆستی ژینگە و، لەگەڵ وەزارەتەکانی شارەوانیی و کشتوکاڵیش بۆ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی.

ڕۆژی جیهانیی ئۆزۆن

ڕۆژی ١٦ی ئەیلوولی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی جیهانیی ئۆزۆن دیار کراوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە مەبەستی پاراستنی چینی ئۆزۆن کە زەوی و مرۆڤ لە تیشکی زیانبەخشی سەروو بنەوشەیی دەپارێزێت.

ئێمەش لە هەرێمی کوردستاندا هەمان ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەمان دەکەوێتە ئەستۆ، کە ساڵانێکە لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقیشدایە، بەتایبەت دوای ئەوەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٨وە چووە نێو ڕێککەوتننامەی ڤییەنا و مۆنتریال بۆ پارێزگاریکردن لە ئۆزۆن، بەمەش عێراق دەبێت پابەند بێت بە کەمکردنەوەی بەکارهێنان و قەدەغەی هاوردەکردنی تەواوی ئەو غاز و ماددانەی کە زیان بە ئۆزۆن دەگەیەنن.

ئەنجومەنی نیشتمانیی ئۆزۆن لە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق بەردەوامە لە هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی ژبنگەی

هەرێمی کوردستان و بە هاوکاریی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لە ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان و هۆشیاریی بۆ کارمەندانی فەرمانگەکانی گومرك و پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری و بازرگانی و پیشەسازی و دەروازە سنوورییەکان، لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕزگاربوون و قەدەغەکردنی بازرگانیی نایاسایی بەو ماددانەی کە زیان بە چینی ئۆزۆن دەگەیەنن، ئەمەش بە پشتبەستن بە ڕێنماییە یاساییە بەرکارەکان. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین وۆرکشۆپ و سیمیناری کردارییی هاوبەش ئەنجام دراون بۆ فێرکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی دۆزینەوە و شیکردنەوەی غازە بەکارهاتووەکانی نێو ئامێرەکانی ساردکەرەوە و فێنککەرەوەکان، هەروەها نمایشکردنی زۆر فیلمی دیکیۆمێنتاری و، ڕاهێنان کردن بە خاوەنی بەشێك لە شوێنەکانی چاککردنەوەی ئامێرەکانی ساردکەرەوە و فێنککەرەوە، هەروەها بە پێدانی کەرەستە و ئامێری نوێ و پێشکەوتوو بۆ پرۆسەی پڕکردنەوە و گێڕانەوەی غازەکان.

لە ڕۆژانی ٩ تا ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٢١یشدا بە هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی ژینگەی عێراق و دەستەی پاراستن چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، وۆرکشۆپێکی هاوبەش لە هەولێر بەڕێوەچوو بۆ هەمان مەبەست، بۆیە دەستەی پاراستن چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش بەردەوامە لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بازاڕ و شوێنە بازرگانییەکان و هاوردەکارانی غازی ئامێرەکانی ساردکردنەوەش، بە مەبەستی ناساندنی غازەکانی کلۆر فلۆر کاربۆن کە زیان بە ژینگە و چینی ئۆزۆن دەگەیەنن.

دەستەی پاراستن چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەم ڕۆژەدا داواکارە لە (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گومرك) کە ڕێگە نەدەن بە هاوردەکردنی ئەو جۆرە لە ئامێرەکانی بەفرگر و ساردکەرەوە و سپلیت کە هێشتا غازەکانی کلۆر فلۆر کاربۆنیان تێدا بەکار دەهێنرێن، چونکە هەرێمی کوردستانیش دوای عێراق پابەندکراوە بە ڕێککەوتنامەی ڤییەناو مۆنتریال بۆ پارێزگاریکردن لە ئۆزۆن، بۆیە پێویستە ئێمەش بەردەوام بین لەسەر ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی پلە بە پلەی ئەو غازانەی کە کاریگەرییان لەسەر چینی ئۆزۆن هەیە.






# چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن



بڕیارە ١٠ـی مانگی داهاتوو لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەبچێت. پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هەمیشە بۆ ئەم هەڵبژاردنەش خۆی تەیار کردووە، بۆ ئەوەی بە پشتیوانیی جەماوەر و دەنگدەرانی بتوانێت لە خزمەتکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵك و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوە ژیان بەردەوام بێت، هەر بۆیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن.









**تەرزە حسێن کارگێڕی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان:**

## دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە خوێنی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان



لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکاندا پارتی چۆکی دانەدا و، بە حوکمی قاعیدەی پتەوی جەماوەری خۆی پێشەنگایەتی بەرنەدا. نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو تەنیا پارتی بوو کە پێداگری لەسەر سازدانی ئەو پرۆسە دیموکراسییە دەکرد، بۆیە ئێستا بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بووەتەوە، کەوا دەنگدان بە پارتی، دەنگدانە بە ئاوەدانی و ئاسایش و سەقامگیری و درێژەدانە بەو هەلومەرجەی پارتی وەك ستراتیژ کێشاویەتی، دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە گۆڕانکاری، ئەم هۆکارانە بوون کە پارتیمان بە هۆی دەنگ و دڵسۆزیی کاسبکار و چینی زەحمەتکێشان و کرێکار و خەڵکی عەوام کێرڤی خۆی بەرز کردەوە، بۆیە پێویست دەکات، پاداشتی ئەو دڵسۆزییە بە هەنگاوی چاکسازیی فراوان بداتەوە و، بژێویان دابین بکات و کەرامەتیان و سەقامگیرییان بپارێزێ و بۆ بەدیهێنانی ئاواتی لە مێژینەیان. دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە خوێنی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

**رووناک مەولود چالاکی سیاسی:**

## دەنگدان بە پارتی وەفادارییە بەرامبەر بە خوێنی شەهیدانی ڕێگەی رزگاریخوازی گەلەکەمان



من وەك خوشکی.شەهیدی هەمیشە لە یاد (سەروەر.مولود سالڵح) دەنگەکەم هەر بۆ پارتییە، چونکە دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان وەفادارییە بەرامبەر بە خوێنی شەهیدانی ڕێگەی رزگاریخوازی گەلەکەمان، لە رابردوودا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دروشمی بەرگری و سەرکەوتنمان لە ئەیلوول نووسییەوە، لە هەمانکاتدا تۆمارکردنی چەندین دەستکەوتی زیندوو و مێژوویی بۆ گەلی کورد لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی بەدەست هاتن، پێویستە ئەمڕۆش بەهەمان نەفەسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کار بۆ سەرخستنی کاندیدانی پارتیمان بکەین لە پێناو کوردستانیکی بەهێز.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین دوێنی بە چەك، ئەمرۆ بە دەنگ پشتیوانی خۆمان بۆ پارتیمان دەردەبڕین، سبەینێش بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی هەنگاو دەنێین.

مەریوان حەکیم جەباری ڕۆژنامەنووس:

## پارتی خاوەنی سەرۆکێکی بە هێزە کە نەک لە کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش سەنگ و قورسایی خۆی هەیە، بۆیە خەڵک دەنگ بە پارتی دەدەن



چونکە ڕووداوەکانی ڕابردوو ڕاستیی ئەوەیان دەرخست کە شکۆی ئەم شارە بە پارتی دەپارێزرێت و پارتی سازش لەسەر کەرکووك ناکات، هەروەها ئەوەش ڕوون بووەوە تاکە لایەن کە بتوانێ مافی تاکی کەرکووکی بپارێزێ پارتی دیموکراتی کوردستانە. پارتی خاوەنی سەرۆکێکی بە هێزی وەك «سەرۆك بارزانی»ـە کە نەك لە کوردستان، بەڵکو لە سەر ئاستی جیهانیش سەنگ و قورسایی خۆی هەیە، بۆیە خەڵك دەنگ بە پارتی دەدەن. لە ناوخۆی عێراقیش تاکە سەرۆك و مەرجەعە کە قسەی لێ وەردەگیرێت و دەتوانێ کەرکووك بگەڕێنێتەوە سەر هێڵی ئارام، بۆیە دەنگم بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانە تاوکو لە ئێستاو ئایندە شکۆی خۆم و ئالاّ و نەتەوەم پارێزراو بێ، تاکو زمان و کەلتووری کوردی لە لەناوچون بپارێزم، پاداشتێکی ئەو هەموو قوربانییەی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەمەوە کە لە ڕابردوو و ئێستادا بۆ کەرکووکی داوە.






**نەجیبە ئەحمەد چالاکی کۆمەڵی مەدەنی:**

## بۆیە دەنگم بۆ پارتی دیمکراتی کوردستان و کاندیدەکانیەتی، چونکە پارتی حزبێکی بەهێز و دامەزراوە،حزبیکی بی ڕکابەرە و تاکە حزبە لە بەرپرسیارێتی ڕا ناکات



وەك ئافرەتێك بۆیە دەنگم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدەکانیەتی، چونکە پارتی حزبێکی بەهێز و دامەزراوە، حزبیکی بی ڕکابەرە و تاکە حزبە لە بەرپرسیاریتی ڕا ناکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخ بە بەشداریکردنی ئافرەتان دەدات لە دامەزراوە حکوومی و حزبییەکاندا، پارتی تاکە حزبە شۆڕشێکی گەورەی وەك شۆڕشی ئەیلوولی کردە قوربانیی کەرکووك، بۆیە بە ئومێدەوە چاوەڕوانی ئاساییبوونەوەی دوخی کەرکووك دەکەین و، دڵنیان ئەوەش تەنیا بە پارتی و سەرۆك بارزانی دەکرێت، بۆیە بە دەنگەکانمان دەمانەوێ پاڵپشتیی پارتی بکەین، تاکو لەو ڕێگەیەوە مافەکانمان بۆ کوردانی کەرکووك بگێڕینەوە .

**دیاری عەبدولمەجید... قوتابی:**

## بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم چونکە پارتی خاوەن مێژوویەکی بێگەرد و پڕ لە سەروەری و دەستکەوتی نەتەوەییە



بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە پارتی خاوەن مێژوویەکی بێگەرد و پڕ لە سەروەری و دەستکەوتی نەتەوەییە، هەمیشە خەباتی لە پێناو یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتی و پێکەوەیی بەبێ جیاوازی کردووە، پارتێکە کە هەرگیز خیانەتی نەکردووە و شۆڕشی لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیەتی. هەروەها بە دەنگدانم بە پارتی شکۆ بۆ کەرکووکییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە بینیمان پارتی بوو بە هێز و ئاڵا بانگەشە دەکات و داوای ماف و ئازادی دەکات.

دەنگدان بە پارتی دەبێتە سەرچاوەی ئاوەدانی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی لە نێو کۆمەڵگە.

ڕێبین عەبلۆش کادری یەکێتی قوتابیان:

## هاووڵاتیانی دڵی کوردستان، بە ورەیەکی پۆڵایین و ئیرادەی باشترکردنی دۆخ و گوزەرانیی هاووڵاتیان، پشتیوانی لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن



لە پێناو گەڕانەوەی شکۆ و ئاوەدانی بۆ دانیشتووانی شاری کەرکووکی خۆشەویست، دەستەبەر کردنی ماف و شایستەکانی کوردانی شاری کەرکووك، هاووڵاتیانی دڵی کوردستان، بە ورەیەکی پۆڵایین و ئیرادەی باشترکردنی دۆخ و گوزەرانیی هاووڵاتیان، پشتیوانی لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن . لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە کەرکووك دۆخێکی ناسەقامگیر دروست بووە، هاووڵاتیانی شارەکەش لەو واقیعە تێگەیشتوون، کە ئەم فەوزا سیاسی و سەربازییە بە دەسەڵاتی خەمخۆرانەی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێت، باشتر نابێت.

پارتی هەمیشە وەك سەکۆی دامەزراندنی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە، لەگەڵ خەباتی سیاسی، گرنگیی بە خەباتی کۆمەڵایەتیش داوە.




**بۆئەوەی تیمێکی بەهێز و یەکگرتوو لە بەغدا نوێنەرایەتیمان بکات، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

### شیلان ئاستەیی چالاکی مەدەنی:

## دەنگ دەدەم بە پارتی چونكە تاكە زامنە بۆ پاراستنی كورد و كوردستان و تاكە حزبە بە سینگفراوانی قبوڵی فرەلایەنی و دەنگی ئازاد دەكات



بۆ دەنگ دەدەم بە پارتی دیموكراتی كوردستان، دەنگ دەدەم بە پارتی، چونكە تەنها پارتییە مافی منێكی كورد بەگشتی دەپارێزێت و منێكی ئافرەتیش بەتایبەتی،

لە دیدی من وەكو كچە پێشمەرگەیەك كە لە ئاوەرەیی ژیاوم، تەنیا پارتی بووە پارێزەری خاك و نیشتمان كە نەیهێشتووە ئیرادەی منێكی كورد بكەوێتە دەستی داگیركەرانی كوردستان، پارتی بە رابەرایەتی بارزانی باوك داكۆكیكارێكی سەرسەختی ئێمەمانان بووە، بۆ ئەوەی ئێمەش وەكۆ گەلانی جیهان بەسەربەستی بژین و بە كوردی بدوێین و بەكورد بمێنین،

دەنگ دەدەم بە پارتی چۆنكە تاكە زامنە بۆ پاراستنی كورد و كوردستان و تاكە حیزبە بە سینگفراوانی قبولّی فرەلایەنی و دەنگی ئازاد دەكات، سەرەڕای زۆرترین جەماوەر و كورسی پەرلەمانی و بە هەموو هێز و دەسەڵاتی خۆی دژی گەندەلی و سەرپێچی وەستایەوە، هەروەها پارتێكە پلانی درێژخایەنی داناوە بۆ بەرەو پێش بردنی كەرتی كشتوكاڵ و پیشەسازی كە دەستیان پێكردووە و ئارامی و خۆشگوزەرانی لە هەرێمی كوردستان فەراهەم كردووە.

### رێبوار شوانی نووسەر و چاودێری سیاسی:

## دەنگ دەدەم بەو پارتەی كە ٧٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە خەبات و بەرخۆدان و تێكۆشانی بەڕێكردووە و هیچ كاتێك سازشی لەسەر پرسە چارەنووسسازەكاندا نەكردووە



ئەو مێژووە پر شانازی و سەروەرییەی كە ئەم پارتە كوردپەوەرو وشەهیدپەوەر و نیشتیمانپەوەرە لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا قوربانی لە پێناو دەستكەوتی زیاتر بۆ خەڵكی كوردستان دەدات، ئەوانەی بەدەستیش هاتوون زۆربەیان بەرهەمی پارتین، دەنگدان بە پارتی وكاندیدانی ئەركێكی نیشتیمانی و نەتەوەییە، لە پێناو زیاتر داكۆكیكردن لە مافەڕەوا دەستوورییەكانمان بەتایبەت ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و كەركووكی دڵی كوردستان و پارێزگاریكردن یاسایی و دەستووری لە قەوارەی هەرێمی كوردستان .

هەروەها متمانەبەخشین و دەنگدانمان بە پارتی دیموكراتی كوردستان كە قوتابخانەی كوردایەتیی و كۆڵنەدانی بارزانیی نەمرە كە هیوابەخشی دوێنی و ئەمرۆ و بەردەوامی هەموومانە، ئەو پارتەی كە ٧٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە خەبات و بەرخۆدان و تێكۆشانی بەڕێكردوە و هیچ كاتێك سازشی لەسەر پرسە چارەنووسسازەكاندا نەكردووە.

سالح خۆشناو
پێشمەرگە لە هێزی خەباتی پشدەر و بیتوێن:

## بۆ ئەوەی هەمیشە بە شکۆ و سەربەرزی بژین و خاوەن خاک و ئاڵا و شەرەف و کەرامەتی خۆمان بین دە نگ بە لیستی پارتی دەدەین



دە نگدان بە کاندیدەکانی پارتی دانگدانە بە ڕێبەر و سمبولی هەر چوار پارچەی کوردوستان جەنابی سەرۆك بارزانی، دە نگدان بە لیستی پارتی کە خاوەن ٧٥ساڵ شۆڕش و بەرخودانی نەبڕاوە و بەردە وامە، خاوەن ڕابردوویێکی پاکە و بێ گەردە، دەنگ دەدەین بەوکاندیدانەی کە هەرگیز خۆیان ناچەمێنن، بۆ ئەوەی هەمیشە بە شکۆ و سەربەرزی بژین و خاوەن خاك و ئاڵا و شەرەف و کەرامەتی خۆمان بین دە نگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، بۆ ئەوەی خاوەنی کەسایەتی و هەیبەتی خۆمان بین و سەروەت و سامانمان پارێزراو بێت دەنگ بە لیستی ئاسایش و ئارامی و خزمەتگوزاری و ئاوەدانی و دەدەین، بەرقەرار بوونی ئەمن و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزەری ڕاستەقینەی گیان و ماڵمانە، لێرەوە بەڵێنی وەفاداری بۆ حزبەکەمان دووپات دەکەمەوە کە هەمیشە بەرگریکار و گیانفیدا بم، تاوەکو دەبینە خاوەن دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بە فیڕۆ نەڕوات دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.









# هونەرمەندان دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن

پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداریی سەرۆك بارزانی دەستی بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کردووە و کادر و ئەندامانی پارتی لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی کە داوای کردووە بانگەشەکان بە ئارامی بەڕێوەبچن، هەمیشە بە جۆرێك بانگەشەیان کردووە دەروونی هاووڵاتییان ماندوو نەکردووە، بۆ ئەم هەڵبژاردنەش هەمان ڕێچکە دەگرنە بەر و بە ئارامی بانگەشە دەکەن، بەڕێوەچوونی بانگەشەیەکی هێمن و دیموکراسییانە، وا دەکات هاووڵاتیان زیاتر لە کارنامە و بەرنامەی کاندیدەکانی پارتی تێبگەن و، لە ڕۆژی دەنگداندا بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.
هونەرمەندان وەك چینێکی کاریگەری کۆمەڵگە بەم شێوەیە باس لە گرنگیی بەشداریکرن لە هەڵبژاردن و دەنگدان بە کاندیدانی پارتی دەکەن.








**فەرهەنگ غەفور:**

# بۆ زامنکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، پێویستە هونەرمەندان دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی بدەن

هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ کورد چارەنووسسازە، چونکە بەپێی دەستوور ئێمە هەرێمێکین لە عێراق و پشکمان لە سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە و، لە بڕیار و یاساکان و لە ئابووریشدا لەگەڵ بەغدا هەیە، بۆیە زۆر گرنگە و ئەرکە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی خەمی کوردستان و نەتەوەی کوردیان هەیە، شەڕی مانەوە و پێشخستنی خۆیان لەگەڵ عێراق، لە ڕێگەی دەنگ و لە هۆڵی پەرلەمان و لە دارشتنی یاساکان و لە ئەدای حکوومەت لە عێراق ببیننەوە و ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە، بۆ ئەوەی بەوپەڕی بەرپرسیارییەوە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و، دەنگ بەو کەس و لایەنانە بدەن، کە بە هەموو شێوەیەك بەرگرییان لە مانەوەی قەوارەی ئەم هەرێمە کردووە و، بەرپەرچی هەموو هێرشەکانی دوژمنان و ناحەزانی کوردیان داوەتەوە.

لێرەدا ئەرکی هونەرمەند زیاترە و پێویستە وەك کەسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، لە ڕێی ئەو هونەرەی کە هەیەتی، بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان لە ڕێی هەڵبژاردن و ناردنی نوێنەر بۆ پەرلەمانی عێراق و، بەشداری لە کاری یاسادانان و هەروەها لە حکوومەتدا، جۆش و خرۆشێك بخاتە ناو خەڵك.

لەو چوارچێوەیەشدا، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی دروستبوونیەوە تا ئەمڕۆ، لە ڕێی شۆڕش و بەرگری و ڕاپەڕینەکان، دواتر لە ڕێی دامەزراوەی پەرلەمانی و حکوومەتدا، داکۆکیکاری سەرەکیی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بووە و، هەر بە هیمەت و خەباتی پارتیش مافەکانی کورد لە دەستووری عێراقدا جێگیر کراون و، هەر پارتیش پارێزەر و بەرگریکاری ئەو مافانە و خاك و خەڵك و قەوارەی هەرێمی کوردستان بووە.


بۆیە ئەرکی هونەرمەندانی کوردستانە، کە نەتەوەییانە و نیشتمانییانە بیردەکەنەوە، دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی پارتی و کاندیدەکانی، هانی خەڵکیش بدەن بۆ ئەوەی دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو پێش بچێ.

**هونەرمەندی شێوەکار کیڤان:**

# بە حیکمەتی سەرۆک بارزانی بەرەو سەرکەوتنێکی دیکە هەنگاو دەنێین



وەك هونەرمەندێکی کوڕە ئەنفال، داوا دەکەم لە ڕۆژی دەنگدان هەموو هاووڵاتیان ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن، لەپێناو زامنکردنی مافەکانمان و سەرخستنی ئەو لایەنەی پەیمانی زامنکردنی ئەو مافانەی پێداین، لە ڕابردووشدا ئەزموونمان لەگەڵی هەیە کە زامنی مسۆگەرکردنی مافەکانمان دەبێت و، داکۆکییان لێ دەکات. بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزە سیاسییە کاریگەرەیە کە بەدرێژایی ٧٥ساڵەی هیچ کاتێك سڵی نەکردۆتەوە لە قوربانیدان و فیداکاری بۆ کورد و کوردستان، ئەمەش ڕاستییەکە دۆست و دوژمنان باش دەیزانن، دەنگمان بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە هەر پارتییە زامنی بەدیهێنانی گشت مافەکانمان دەکات و خاکی کوردستان دەپارێزێت، بۆیە دەنگدان بە کاندیدانی پارتی، وەك ئەرکێکی سەر شانی هەموومانە، پەنا بە خوا و حیکمەتی سەرۆك بارزانی بەرەو سەرکەوتنێکی دیکە هەنگاو دەنێین.



خانمە هونەرمەند نارین فەقێ:

## ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە کار دەکەن بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی میللەت

وەك هونەرمەندێکی کوردستانی هیوادارم ئەم هەڵبژاردنە سەرکەوتنێکی بەرچاو لەگەڵ خۆی بهێنێت بۆ دبلۆماسییەتی کورد و، ببێتە هۆکارێك بۆ بەرەو پێشچوونی ئابووری، زانستی، مافی ئافرەت و باشترکردنی ڕەوشی ژیانی گەنجەکانمان. لە دڵەوە هیوادارم کورد سەربکەوێت بۆ هێنانەدیی یەکڕیزی و دامەزراندنی هێزێکی یەکگرتوو، بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و سنوورەکانی کوردستان، گرنگترین شت لە دوای ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە ئێمە بتوانین یەکگرتنێك دروست بکەین، بە جۆرێك ڕۆژانی داهاتوومان لە ئێستا باشتر و گەشتر بن، بێگومان ئەمەش بە بەشداریکردن و هەڵبژاردنی ئەو کەس و لایەنانە دەبێت، کە کار دەکەن بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکان میللەت.

ئەو کەسانەش پێویستە هەوڵ بدەن بەڵێنەکانیان لە دوای هەڵبژاردن جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی متمانە بۆ میللەت و دەنگدەران دروست بێت. هیوادارم ئەم ڕەوشەی ئێستای کوردستان ئارام بێت و لۆبییەك بۆ ئە مەبەستە دروست بێت بۆ بەرگری کردن لە کوردستان.









**دەرهێنەری کورد هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش):**

# بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانمان پێویستمان بە کەسانی بوێر و نیشتمانپەروەر هەیە

بەشداریکردنی کارای هاووڵاتیانی کورد بەتایبەتی و کوردستانیان بەگشتی، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەم هەلومەرجەی ئێستادا، ڕەنگە لە هەموو کاتێك گرنگتر بێت، نەخاسمە کە بە ڕوونی هەوڵێکی بەرچاو هەیە بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد و، خۆدزینەوە لەو ماف و شایستانەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دوای ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێنراون و، عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە، ئەم هەوڵ و نییەتە ناڕەوایەی (شەریکەکانمان) لە پڕۆسەی سیاسی عێراقدا لەدوای ١٦ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧وە زۆر بە زەقی و دوژمنکارانە بەرجەستە بوو، تەنانەت پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی بەشێك لەو هێز و لایەنانەش هەڵماڵی، کە ئامادەی هەموو سازشێك بوون لەسەر حسابی مافە ڕەواو دەستوورییەکانی کورد، بەڵام بەخۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و بوێری و خۆنەچەماندنی پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکان و حیکمەتی سیاسیی سەرکردایەتیی کورد، ئەم هەوڵانە پووچەڵ کرانەوەو جارێکی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی لەسەرپێی خۆی ڕاوەستایەوە و، ئەوەتا لەم هەڵبژاردنەشدا بەهێز و ورەیەکی بەرزەوە و وەك هەمیشە، بە پشتیوانیی گەلی کوردستان دەخوازێت لە سەر ئاستی بڕیار لە بەغدا و لە میانەی ئەنجوومەنی نوێنەران و حکومەتی فیدراڵ، بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و ژیارییەکانمان ئامادەبوونێکی بەهێز و کاریگەری هەبێت، ئەویش لە پاراستنی قەوارەی هەرێمەکەمان و گێڕانەوەی بنەماکانی هاوسەنگی و هاوبەشی لە بڕیاری سیاسیدا و، بەتایبەتیش پرسی مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و، دەستەبەرکردنی شایستەداراییەکانی خەڵکی کوردستان، بێگومان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکە گرنگ و گەورانەش پێویستیمان بە کەسانی نەتەوەپارێز وپسپۆڕ و بوێر و بەتوانا هەیە، کە بە بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی پتەوەوە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردو خەڵك و قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەن، لەم پێناوەشدا پێویستە هەمووان بە ڕەچاوکردنی مێژووی خەبات و بەرخودانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەڵوێستی نەگۆڕیان دەرهەق بە پرسە نەتەوەییەکانمان و، ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی بەدەست هاتوون، بچینە بنکەکانی دەنگدان و ئیرادەی گەلەکەمان لە سەرخستنی یەکڕیزی لە ڕێگای دیموکراسییەوە بەرجەستە بکەین، چونکە لەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازەشدا پێویستە هێزو ئیرادەی گەلی کوردستان هەرلەو دەستە ئەمینەدا بمێنێتەوە، کە دڵسۆزانە لە هەموو هەلومەرجە دژوارو سەختەکاندا پاراستوویەتی.



هونەرمەند ئالین:

# پێویستە کورد بەرامبەر بە دوژمن یەکگرتوو و یەکهەڵوێست بێت

بەر لە هەر شتێك پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هێزە کوردستانییەکان سەرەڕای بیری جیاواز و کێشەکانیان، دەبێ بەرامبەر نەیاران لەگەڵ یەکتر تەبابن، ناکرێت خۆیان لە یەکدی دوور بخەنەوە، پێویستە کورد یەکگرتوو و یەکهەڵوێست بێت بەرامبەر بە دوژمن، چونکە چەندین ساڵە ناتەبایی بۆتە هۆکاری لێکترازانی کورد و پەرتەوازە بوونی.

هیوادارم ئەم هەڵبژاردنە هۆکاری نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کورد و پتەوکردنی بنەما نەتەوەییەکانی کورد و بەهیز کردنی بێت لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستان، چونکە بەهێزبوونمان دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خزمەت بە گەل و وڵات بکەین.

هەڵبژاردن یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی ژیانی دیموکراتی و پێویستە هاووڵاتی ئەم مافە سەرەتاییەی خۆی بە ئازادی پیادە بکات، لێرەدا هاووڵاتی دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بێت، کە چ کەس و لایەنێك دەبێتە مایەی هێنانەدیی زیاتری خەونەکانی و هۆکاری بوژانەوەی وڵات و پێشکەوتنی. لە هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت و هاووڵاتیان تا ڕاددەیەکی زۆر ئاشنای ئەم پرۆسەیە بوون، بۆیە دەتوانن بڕیار بدەن لەسەر ئەو کەس و لایەنانەی کە لە ڕابردوودا زۆرترین خزمەتیان کردووە و لە داهاتووشدا خزمەت دەکەن، هەروەها دەتوانن داکۆکی بکەن لە مافەکانی گەلی کورد لە بەغدا و بەهێز کردن و پتەوکردنی سەنگی کورد، پێویستە ئەو لایەنانە هەڵبژێرن کە لە ئاست هەڵگرتنی ئەو ئەرکەدان.







# وەرزشکاران دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن

وەرزشکاران بەشێکن لە توێژە گرنگەکانی کۆمەڵگە و، وەرزشکارانی کوردستانیش دەیانەوێت لە ١٠ی مانگی داهاتوو بەدەنگەکانیان گۆڕانکاری ئەنجام بدەن و، ئەو ڕۆژە بکەنە کەرنەڤاڵی سەرکەوتنی کاندیدانی پارتی لە سەر سەندوقەکانی دەنگدان، لایەنگر و دۆست و خۆشەویستانی پارتییش دەیانەوێ بە دەنگی وەرزشکاران ئەنجامی گەورە لە سەر ئاستی عێراق تۆماربکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین نوێنەری کوردیان هەبێ لە بەغدا، تا شەڕی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان و شەڕی مافە وەرزشییەکانیش بکەن، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان ژمارەیەك لە وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دواندوە.

ئا: کارزان کانەبی




بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...
٣٣
کاندیدی ژمارە
پارێزگای
هەولێر
بازنەی (٤)
کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان
مەریوان قەرەنی ئیبراهیم دزەیی
ڕۆژهەڵاتی قەزای ناوەندی هەولێر


بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...
٣٦
کاندیدی ژمارە
پارێزگای
هەولێر
بازنەی (٤)
کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان
صباح صوبحی حەیدەر حەسەن
ڕۆژهەڵاتی قەزای ناوەندی هەولێر





### رازاو کەریم سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر:

## دەنگ بەو لیستە بدەن کە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆرترین خزمەتی کوردستانی کردووە

ئێمە وەك ئافرەتانی وەرزشكار بۆیە دەنگ بە كاندیدانی پارتی دیموكراتی كوردستان دەدەین، چونكە تاكە حزبە كە هەوڵی تەواوی داوە بۆ بەهەرێم بوونی كوردستان، تاكە حزبە لە كوردستان بەرگری لە كوردی هەر چوار پارچەی كوردستان دەكات، هیوادارم وەرزشكارانی كوردستان دەنگ بەو لیستە بدەن، كە زۆرترین خزمەتی كوردستانی كردووە لە هەموو ڕوویەك، هیوادارم كاندیدانی پارتییش لە بەغدا پشتگیریی تەواوی وەرزشیی ئافرەتانی كوردستان بكەن و، شەڕی بەدەست هێنانی مافەكانی نەتەوەكەمان بكەن.



### گەشە شێرزاد ڕاهێنەری ئەکادیمیای تۆپی پێی سۆران:

## بۆ دەستخستنی مافەکانی کوردستان داواکارم وەرزشکاران دەنگ بە لیستەکەی ڕێبازی بارزانی بدەن

بۆیە دەنگ بە كاندیدانی پارتی دیموكراتی كوردستان دەدەین، لەبەر ئەوەی خەباتیان كردووە لە پێناو كوردستان و كورد و، هەمووكات بۆ سەرخستنی مافەكانی كوردستان و بۆ خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی هەوڵیان داوە، داواكارم لە وەرزشكارانی كوردستان دەنگ بە لیستە زەردەكەی ڕێبازی بارزانی بدەن، داواكارم لە كاندیدانی پارتی گرینگی بە وەرزش بدەن بە گشتی و، گوێ بۆ داواكارییەكانی وەرزشوانان بگرن و خزمەتی زیاتری وەرزشكاران بكرێت لە كوردستان.



### مزەفەر ئەکرەم ڕاهێنەری نێودەوڵەتیی تایکواندۆ:

## داواکارم وەرزشکاران دەنگ بە لیستی پارتی بدەن بۆ ئەوەی زۆرترین کاندیدمان بگاتە بەغدا

ئێمەی وەرزشكاران هەمیشە پاڵپشتی كاندیدانی پارتی دەكەین بۆ سەرخستنی ئەو لیستە و، داواكاریشم پشتگیریی وەرزشكارانی یارییە تاكەكان بكرێت، بۆ بەرزكردنەوەی ئاڵای پیرۆزی كوردستان لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەكان، داواكارم لە كاندیدانی پارتی ڕۆڵی كاریگەر ببینن بۆ سەرخستنی وەرزشی كوردستان لە پاڵ وەرزشیی عێراق، كردنەوەی چەندین خول بۆ وەرزشكاران و كوردستان چۆتە قۆناغێكی تازە و هەولێریش بۆتە باشترین شوێن بۆ ناوچەكە، بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی، داواكارم لە وەرزشكاران دەنگ بە لیستی پارتی بدەن و ئەو لیستە سەربخەن، بۆ ئەوەی زۆرترین كاندیدمان بگاتە پەرلەمانی عێراق.



هێمن مەهدی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی:

## بۆ بەسیستەمکردنی وەرزش دەنگمان بۆ کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ئێمەی وەرزشکار دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە لە ڕێی نوێنەرەکانیەوە لە بەغدا زۆرترین خزمەتی بە کوردستان گەیاندوە، بۆ بەسیستەمکردنی وەرزش و کەسی شیاو بۆ پۆستە وەرزشییەکان، دەنگمان بۆ کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هیوادارم لە داهاتوودا ئەو کاندیدانەی کە دەگەنە پەرلەمانی عێراق، خزمەتی زیاتری وەرزشی کوردستان بکەن و شەڕی مافە وەرزشییەکانیش بکەن لە بەغداد.

ڕەنجبەر عەلی ڕاهێنەری لەشجوانی:

## بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی وەرزشکاران لە عێراق هیوادارم وەرزشکاران دەنگ بە لیستی کاندیدانی پارتی بدەن



ئێمەی وەرزشکار و بەتایبەتیش وەرزشکارانی لەشجوانی دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە زامنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ئارامی و بەدیهێنانی مافەکانی هەموو تاکێکی کورد بەگشتی و، وەرزشوانانە بەتایبەتی، هیوادارم هەمووان دەنگ بە لیستی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی وەرزشکاران لە عێراق، لە ئێستادا لە عێراق بودجەیەکی تایبەت بۆ وەرزشکاران دابین کراوە، بۆئەوەی بۆ کوردستانیشی دابین بکەن، دنگمان لەگەڵ کاندیدەکانی پارتییە، لە داهاتووشدا ئەرکی قورسی سەر شانی کاندیدانمان، داکۆکیکردنە لە تەواوی مافەکانمان بە گشتی و، لە وەرزش بەتایبەتی.




**لەپێناو دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاریان، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

فوئاد عەبدولمحسین ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە یاریی تێنسی سەرمێز:

## بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە جێگەی متمانەیە و نیشتمانپەروەرە و لە بەرپرسیارێتی ڕاناکات



پارتی هەردەم داکۆکی لە مافی گەلەکەمان کردووە و هەوڵی داوە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەل و نیشتمان بکات.

پارتی تا دوا هەناسە لە پێناو وڵات و نیشتمان دەجەنگێت و ڕێگا نادات ئیرادەی میللەت بکەوێتە ژێر دەستی بێگانە.

بۆیە داوا لە سەرجەم وەرزشوان و وەرزش دۆست دەکەم دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی بدەن.

تاهیر سابیر بەڕێوەبەری وەرزشی هەولێر:

## داوا لەسەرجەم وەرزشکارانی کوردستان دەکەم کە ببنە پاڵپشت و دەنگدەر بۆ کاندیدەکانی پارتی



منیش دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە پارتی تاکە حیزب و خاوەن مەرجەعە و سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزب ڕێز لە بڕیارەکانی سەرووی خۆیان دەگرن و لە نێو پارتیدا دیموکراسییەت هەیە.

پارتی تاکە حیزبە داکۆکی لە مافی هاوولاتییەکانی کوردستان دەکات و هەروەها پارێزەری مافەکانی نەتەوەکانی ترە.

بۆیە داوا لەسەرجەم وەرزشکارانی کوردستان دەکەم، کە ببنە پاڵپشت و دەنگدەر بۆ کاندیدەکانی پارتیمان لەم هەڵبژاردنەدا.



ئەحمەد شکور یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی هەلێر:

## داوا لە سەرجەم لاو و گەنج و وەرزشکارانی کوردستان دەکەم دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

سەبارەت بەهەمان بابەت ئەم وەرزشوانەش دەڵێت: بۆیە دەنگ بە نوێنەرەکانی پارتی دەدەم، چونکە پارتی یەک دەستە و یەک ئامانج کار بۆ خزمەتکردنی کوردستان دەکات، دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە ئارامی و سەقامگیری و پێشکەوتن.

دەنگدانم بۆ پارتی، چونکە تاکە لیستە خزمەتی کوردستان دەکات و داکۆکی لە مافەکانی گەلەکامان دەکات، داوا لە سەرجەم لاو و گەنج و وەرزشکارانی کوردستان دەکەم دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن.

**تەها قادر راهێنەری یانەی هەولێر:**

## بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە پارتیمان داکۆکی لە مافی وەرزشکاران دەکات و پاڵپشتی وەرزش دۆستە

پارتی حزبی خەڵکە و لە ناو خەڵکە و هەردەم بوونی لەنێو چینی هەژاران هەیە.

بۆیە داوا لە سەرجەم وەرزشکاران دەکەم بەشداری لەم هەڵبژاردنە گرنک و چارەنووسسازە بکەن، چونکە ئەنجامەکە چارەنووسسازە بۆ گەلەکەمان و پارتی تاکە حزب دەبێت، کە بتوانێت داکۆکی لە مافی گەلەکەمان بکات بۆیە ئەرکە لەسەرمان دەنگ بە نوێنەرەکانی پارتیمان بدەین.












# لە رۆژی هەڵبژاردندا پاککەرەوەی دەست لەگەڵ خۆت ببە

بەکارهێنانی گیراوە، یان جێڵی پاککەرەوەی دەست (Hand sanitizer) هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ رێگرتن لە گواستنەوەی میکرۆبەکان بەگشتی، هەروەها رۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ رێگرتن لە گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ئەو جۆرە پاککەرەوانەی دەست کە ئەلکهول بە رێژەیەکی دیاریکراو لەخۆدەگرن، ئەم ئامانجە دەپێکن، بە پێی رێنماییەکانی سەنتەری


# جۆرە گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هەموو کەسێک مەترسیدارن، بۆیە پێویستە لە کاتی دەنگداندا خۆت بپارێزیت

ئەگەرچی لە راپۆرتەکانی سەنتەری ئەمریکیی خۆپاراستن و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان CDC، لە رێکەوتی ٧ی تەمووزی ٢٠٢١ هاتووە کە نزیکەی نیوەی ئەمریکییەکان بەلای کەم یەك ژەمی ڤاکسینی تەواوی کۆڤیدیان وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا ئەمە بە تەواوی نەزانراوە کە تا چەند ئەو کەسانە بەرانبەر بە جۆرە گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەتایبەتی جۆری گۆڕاوی دێلتا پارێزراو دەبن، بە هەرحاڵ جەخت لەمە کراوەتەوە کە جۆرە گۆڕاوە نوێیەکانی New variants ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هەموو کەسێك بە ریسکی نوێ هەژمار دەکرێن، بەتایبەتی لەکاتی گردبوونەوەدا کە دەنگدان لە بنکەکانی هەڵبژاردنیش دەگرێتەوە، بەگشتی جۆرە گۆڕاوەکانی کۆڤید١٩ بۆ هەندێك کەس زیاتر مەترسیدارن، وەك: تووشبووان بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، یان ئەوانەی کە سیستمی بەرگریی لەشیان لاوازە، بۆنموونە: ئەمە سەلمێنراوە کە جۆری گۆڕاوی دێلتای ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر بە خێرایی دەگوازرێتەوە بەراورد لەگەڵ جۆرە گۆڕاوەکانی دیکە وەك جۆری ئەلفا و بێتا و گاما، بۆیە پێویستە لە رۆژی هەڵبژاردن و لەکاتی چوون بۆ دەنگدان، پابەند بین بە هەموو رێنمایەکانی خۆپاراستن لە کۆڤید١٩، ئەگەرچی



ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC، پێویستە ڕێژەی ئەلکهول لەناو ئەم پاککەرەوانەی دەستدا، کە بۆ خۆپاراستن لە گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەکادرێن، لە ٦٠٪ کەمتر نەبێت، بەم ڕێژەیەی ئەلکهول هەموو بەکتریا و ڤایرۆسەکانی سەر پێستی دەست لەناودەچن و توانای گواستنەوەی نەخۆشییان نامێنێت. ئەو پاککەرەوانەی دەست کە ئەلکهول لەخۆدەگرن، بە ئاسانی ئاگر دەگرن، بۆیە پێویستە کە دوور لە هەر سەرچاوەیەکی ئاگر بەکار بهێنرێن، هەروەها نابێت کە لەناو ئۆتۆمبێلێکدا کە پەنجەرەکانی داخراون، یان لە ژووری بچووکی داخراودا بەکار بهێنرێن، واباشترە کە لە شوێنی کراوەدا بەکاربێن، هەروەها پێویستە کە پاککەرەوەی دەست هەرگیز بەر چاوەکان نەکەوێت.



هەموو جۆرە ڤاکسینەکانی کۆرۆنا ئاستێکی بەرزی بەرگریی بەرانبەر بە کۆڤید١٩ پەیدا دەکەن، بەڵام هێشتا ئەمە نەسەلمێنراوە کە بەرانبەر بە هەموو جۆرە گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەتایبەتی جۆری گۆڕاوی دێلتا بە هەمان ئەندازە کاریگەر بن، بۆیە بە مەبەستی خۆپاراستنی زیاتر، پاش وەرگرتنی ژەمی تەواوی ڤاکسین ڕێنمایی بەستنی ماسک دەکرێت، بەتایبەتی لە شوێنە گشتییە داخراوەکان و شوێنە قەرەباڵغەکاندا.

بۆ ئەوەی لە عێراقدا هەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزا و هزرە جیاوازەکان ئازاد بن، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

# ئەگەر ڤاکسینی کۆرۆناشت وەرگرتبێت پێویستە لە کاتی هەڵبژاردندا ماسک ببەستیت



سەرەڕای بەردەستبوونی ڤاکسین، پسپۆڕانی تەندروستی جەخت دەکەنەوە کە بە وەرگرتنی دوو ژەمی تەواو، هەرگیز خۆپاراستنی تەواو لە کۆڤید١٩ نایەتە ئەنجام و ئەگەری تووشبوون بە کۆڤید١٩ بە دوور نازانن، بەتایبەتی پاش پەیدابوونی جۆری گۆڕاوی دێلتا، کە بۆتە ئەگەری خێراتر و زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەرەها جەخت لەسەر پابەندبوون بە هەنگاوەکانی خۆپاراستن دەکەنەوە، بەتایبەتی بەستنی ماسك لە شوێنە داخراو و قەرەباڵغەکاندا. لە راپۆرتێکی سەنتەری ئەمریکی کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان CDC، لە ڕێکەوتی ٢٠ی تەمووزی ٢٠٢١ ڕێنمایی ئەمە کراوە کە ئەو کەسانەشی ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆرۆنایان وەرگرتووە، هێشتا پێویست دەکات کە لە شوێنە قەرەباڵغ و شوێنە گشتییە داخراوەکاندا ماسك ببەستن، لەبەر دەرکەوتنی جۆری گۆڕاوی دێلتای کۆڤید١٩، واتە هێشتا مەترسی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لێ دەکرێت، بۆیە پێویستە لەسەر هەمووان کە پابەند بن بە پرۆتۆکۆڵەکانی سەلامەتی لەکاتی پەتاکاندا، بەتایبەتی بەستنی ماسك لە کاتی چوون بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن، جەخت لەمەش کراوەتەوە کە پێویستە مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکان لەگەڵ قوتابیان و ستافی ئیداری ماسك ببەستن، تەنانەت ئەگەر ڤاکسینیان وەرگرتبێت. جۆری گۆڕاوی دێلتا Delta variant توانای خێرا بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی هەیە، تەنانەت لە نێو ئەو کەسانەی کە ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆرۆنایان وەرگرتووە، کە لە کاتی تووشبوونیاندا ڤایرۆس بە خێرایی بۆ کەسانی دیکە دەگوازنەوە، ئەگەر بێ نیشانەش بن.

# گرنگیی پاراستنی دووریی کۆمەڵایەتی لە رۆژی هەڵبژاردندا

ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئاسانی لە رێگای بەرکەوتنی فیزیکی، یان بەرکەوتنی جەستەیی، یانیش کۆمەڵایەتی Social distancing راستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، هەروەها بە ئاسانی لە رێگەی پڕوشکەکانی Droplets کۆئەندامی هەناسە، پاش کۆکە و پژمین، یان تەنانەت قسەکردن و هاوارکردن، بە رێگای هەواوە لە کەسی تووشبوو بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، لێرەدا رۆڵی پابەندبوون بە دووریی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێت، بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە کۆڤید١٩. بە پێی رێنمایی زانا و پسپۆڕانی تەندروستی، پێویستە خۆت لە شوێنی قەرەباڵغ بەدوور بگریت، هەروەها واباشترە کە لە شوێنی کراوەدا دووری نێوان دوو کەس یەك مەتر بێت، لە شوێنی داخراویشدا واباشترە کە ئەم دوورییە بۆ یەك مەتر و نیو تا دوو مەتر زیاد بکرێت، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ریسکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بێگومان لەکاتی نۆبەتگرتن بۆ دەنگدان، پێویستە کە دووری فیزیکی لە نێوان دوو کەسدا بەلای کەم، یەك مەتر بێت.











# دەنگدان بەشێوەی ئەلکترۆنی

هەڵبژاردنی ئەلکترۆنی واتە (E-voting) جۆرێکە لە دەنگدان کە لەودا لە ئامرازەکانی ئەلکترۆنی بۆ ئاسانکاری لە ژماردنی دەنگەکاندا بەکار دێت. یان بۆ چاودێرییەکی ورد کە فرت و فێڵ و دەستکاریی دەنگەکان نەکرێ. لە ئامرازەکانی دەنگدانی ئەلکترۆنی سەربەخۆ واتە (EVM) یا کۆمپیوتەری بەستراوە بە ئینتەرنێت سوود وەردەگیردرێ. ئەم شێوازە هەموو بەش و لایەنەکانی هەڵبژاردن بەخۆیەوە دەگرێ، وەك گواستنەوەی خشتەی گشت دەنگدانەکە تاکو دەنگدان بەشێوەی ئۆنلاین کە دەکرێ لە ماڵەوە و بەبێ چوون بۆ شوێنی دەنگدان ئەنجام بدرێ.

هێشتا پێناسەیەکی تەواو بۆ دەنگدان بەشێوەی ئەلکترۆنی نەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەنگدانی ئەلکترۆنی دەبێت، ئەمنیەت، وردبینی، یەکریزی، خێرایی، پاراستنی مافی تاکەکەس، توانای کۆنترۆڵکردنی بە وردی تێدابێت.

تەکنەلۆژیای دەنگدانی ئەلکترۆنی دەکرێت کارتی پانچ، سیستەمی دەنگدان بەشێوەی سکان کردن، یان ژووری دیجیتاڵییەوە بێت، کە لەو ژوورانەدا سیستەمی دەنگدانەکە تۆمار دەکرێت.

دوو جۆر دەنگدانی ئەلکترۆنی هەیە. یەکەم: شوێنێکی تایبەت هەیە بۆ دەنگدانی ئەلکترۆنی کە لەوێدا نوێنەرانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەشدار دەبن و دەنگدەر بەشێوەی ئەلکترۆنی لەبەرچاوی ئەوان دەنگ دەدات.

دووەم: لە ڕێگای دوورەوە و لە هەر شوێنێك بێت تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆشی نەبێت، دەنگدەر لە ڕێگای هێڵی ئینتەرنێتەوە دەنگ دەدا.

# مێژووی هەژمارکردنی دەنگ بە ئامێر




دەنگدان و هەڵبژاردن خۆی مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، لە یۆنانی کۆندا کە دەکرێ بڵێین لانکەی شارستانییەتی مێژووە، دەنگدان و هەڵبژاردن هەبووە. بەڵام مێژووی دەنگدان بەشێوەی ئەلکترۆنی زۆر لەمێژ نییە و مێژووەکەی بۆ ساڵەکانی ١٩٦٠ بۆ ئەملاوە دەگەڕێتەوە. یەکەم دەنگدان و هەژمارکردنی دەنگەکان بەشێوەی ئەلکترۆنی ساڵی ١٩٦٤ لە هۆڵەندا بوو، بەشێوەی کارتی کون کون و سکانکردن دەنگدانەکە دەکرا. دەنگدانی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بەجۆرێك جێگای خۆی کردووە کە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان نزیکەی ٩٩٪ خەڵك بەشێوەی ئەلکترۆنی دەنگیاندا. هیند دووەمین وڵاتە کە هەڵبژاردن بەشێوەی ئەلکترۆنی تێدا ئەنجام درابێ. پاشان وڵاتانی وەك بەلژیك و بەرازیل دەستیان پێکرد و دواتر ئەم شێوازە هەموو جیهانی گرتەوە. بۆ یەکەمجار لە عێراقیشدا لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا بەکارهات.



# رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵبژاردندا

سوشیال میدیا کە خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە، رۆڵێکی گرنگ هەم بەلایەنی گەشبینی و هەم بەلایەنی رەشبینی لە هەڵبژاردنەکاندا دەگێڕن، نەك ئەم دوو لایەنە، بەڵکو لەم سەردەمەدا گرنگترین و کاریگەرترین بەشن لە هەڵبژاردنەکاندا..

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی تۆڕێکی بەرفراوانی وەك فەیسبووك، سەرەڕای ئەوەی کە ریکلام بۆ هەڵبژاردنەکان دەکرێ و بەربژێرێکی دەتوانێ خۆی ریکلام بۆخۆی بکا، لایەنەکان بە باش و بە خراپ باسی هەڵبژاردنەکان بکەن.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چونکە سنووردار نین و سانسۆڕیان بەسەرەوە نییە و و کەس دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە و هەرکەسە دەتوانی بە ویستی خۆی بۆچوون دەرببڕێ، لە هەڵبژاردنەکاندا قسەی یەکەم دەکەن. لە سوشیال میدیادا راپرسی دەکرێ، بۆچوون دەردەبڕێ، خەڵك هاندەدرێ بۆ دەنگدان و دەنگنەدان. بەهۆی ئەوەی ئاسانتر لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بە خێراییەکی زۆرەوە جیهان پێکەوە گرێ دەدەن، رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە هەڵبژاردنەکاندا.





من أجل ترسيخ الأسس الديمقراطية الحقيقية ، صوت لمرشحي الحزب الديمقراطي الكوردستاني في بغداد الحضارة والجمال

# پارتی دیموکراتی کوردستان واتە: کردار، سیمبول، ئازادی، ژیان، پارتێکە بۆ هەمووان




بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق، لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و ژیانێکی ئارام و سەقامگیردا، بۆ چەسپاندنی بنەماکانی سازان، شەراکەت و هاوسەنگی لە هەرێم و عێراقدا، لە پێناو دادپەروەری و یەکسانی لە بەردەم یاسادا، بۆ هەنگاونان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی پێشکەوتووی تەندروستیدا، لە پێناو سیستمێکی پێشکەوتووی پەروەردەدا، بۆ پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان، بۆ دابینکردنی مافەکانی منداڵان، لە پێناو داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان، لە پێناو بەرگریکردن لە توێژی لاوان، بۆ ئەوەی عێراق دەوڵەتی هەمووان بێت و بۆ ڕێگرتن لە توندڕەویی ئایینی و مەزهەبی، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش، بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و هۆشیار و پێشکەوتوو، بە مەبەستی چاکسازی لە سیستمی کارگێڕی و دارایی عێراقدا، بەڵێ بۆ جێبەجێکردنی دەستوور. بە ئامانجی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا، گەر دەتەوێت یاسایەکی شەفافی نەوت و گاز لە عێراقدا دەربچێت، بۆ ئەوەی لە عێراقدا هەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزا و هزرە جیاوازەکان ئازاد بن، لە پێناو ئەنجامدانی ئاماری گشتی لە عێراقدا، بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی تێکڕای هاووڵاتیانی عێراق، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەین.




**في ايام المحن والمصاعب وقفنا لبعضنا البعض، من أجل الا تتكرر المحن ومعاناة النزوح، امنحوا اصواتكم لمرشح الحزب الديمقراطي الكوردستاني في انبار الكبرياء والشموخ**






## سیروان تۆفیق شفیق:

# پارتی لە ماوەی ڕابردوو خزمەتێکی زۆری خەڵکی کوردستانی کردووە و پارێزەری خاک و وڵات بووە

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگدان بە پارتی ئەرکە، نەك منەتکردن بەسەر ئەو حزبەدا، لەبەر چەندین هۆکاری دیار کە هەم فراکسۆنی پارتی و هەم ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی لە ڕابردوو و لە خولەکانی پێشتردا، پێشمەرگە ئاسا بەرگرییان لە ماف و دەستکەوتەکانی میللەتی کورد کردووە و، هەردەم ڕێگربوون لە سەپاندنی ئیرادەی زۆرینە بەسەر گەلی کورددا، لە کاتێکدا چەندین نوێنەری بەناو خەڵکی کوردستان بووبوونە هۆی بڕینی مافی گەلی کوردستان، بەڵام پارتی لە ماوەی ڕابردوو خزمەتێکی زۆری خەڵکی کوردستانی کردووە و پارێزەری خاك و وڵات بووە بە ڕابەرایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی. پارتی ئەو حزبەیە کە هیچ کات پشتی لە خەڵکی کوردستان نەکردووە و لە هەموو خۆشی و نەهامەتییەکاندا لەگەڵیاندا بوو، ئەمە جگە لە ڕۆڵی پارتی لە ناوچەکە و پاراستنی ئەزموونی کوردستان، کە پارتی تاکە حزبە کە شایانیەتی دەنگ بە کاندیدەکانی بدرێت، چونکە ئەوان قوتابی قوتابخانەیەکن پێشمەرگە ئاسا دەبنە پارێزەری مافەکانی میللەتی کورد لە بەغدا.



## مینا تەها:

# دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم چونکە کاری لەسەر مافی ئافرەت کردووە

من بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە بەرگریی لە مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان دەکات، چۆن لە ڕابردوودا بەرگریی لە مافەکانی کورد کردووە، دڵنیام لە داهاتووشدا هەمان هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کوردستان، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن زۆرترین دەنگە لەسەر پارتەکان لە هەموو عێراقدا، من وەکو تاکێك دەنگم بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە مافەکانم زامن دەکات و هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی داهاتووی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆ، پارتی خەمخۆری هەموو چین و توێژەکانە لە کۆمەڵگەدا، گەنجان و ئافرەتان و منداڵان و پیر و هەژاران، دواتریش کاری لەسەر مافی ئافرەت کردووە و بەشدارییان پێ کراوە لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، تا ڕۆڵی ئافرەت بەرز بنرخێندرێت، تا بەشداری کارا بن لە پرۆسەی سیاسیدا، کە خاڵێکی گرنگە تا ئافرەتانیش وەکو پیاوان ڕۆڵی خۆیان لە گشت بوارەکانی ژیاندا بگێڕن، مێژووی پارتی دیارە کە ڕۆڵی هەبووە لە خزمەتکردنی کوردستان و هەرێمێکی ئاست بەرزدا، بۆیە بە دەنگدانمان لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی دەرەوەش دەتوانین کوردستانێکی بەهێز و درەوشاوەترمان هەبێت.

# کوردستان بە پارتیەوە پێشکەوتوو و جوانتر دەبێت

**بەناوی ستافی سالۆن دانیێلا vip:**
سەرەتا داوا لە خەڵك دەکەین کە رۆژی هەڵبژاردن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگەکانیان نەفەوتێنن، بتوانن ئەو پارتە هەڵبژێرن کە ساڵانێکە خزمەت بە کورد و کوردستان دەکات، ئەو پارتەی کە لە ژێر سایەیدا بەئازادی کارەکانمان دەکەین، ئێمە وەك ستافی سالۆن دانیێلا، هەمیشە دەنگمان بۆ دێرینترین پارتی کوردستانە، کە لە سایەی حوکمڕانیی ئەودا پێکەوە ژیانێکی ئاسوودە دەبەینە سەر، هەموومان بە خۆشی و شادی لەنێو ماڵ و شوێنی کاردا هەست بە ئەمان دەکەین، بۆیە دەمانەوێت خەڵکی کوردستان و هەوادارانی سالۆن دانیێلا دەنگ بە باشترین حزبی کوردستان بدەن، تا ژیانێکی سەقامگیر و خۆشتر و پڕ ئارامی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دابین بکرێت، هەروەها بۆ دەستکەوتنی مافەکانمان لە عێراق و گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، لە پێشوودا دەنگمان بەو پارتە داوە و لێی پەشیمان نین و شانازیشی پێوە دەکەین، بەهیوای زۆرترین دەنگ بۆ پارتە دێرینەکەی کوردستان.




**تعزيزا للأخوة العربية الكوردية اخترنا (الدكتور هيثم المياحي) مرشحا للحزب الديمقراطي الكوردستاني في كربلاء الحسين (ع)**

### حەسەن ساڵح:

## ئەگەر هێشتا خۆت یەکلا نەکردۆتەوە بێ خەم بە و دەنگ بە لیستی پارتی بدە



پارتی وەك سەرچاوەی بیرکردنەوە و فیکر و مەعریفەت، لە ساڵانێکدا دامەزرا کە توانی چەندین شۆرش و ڕاپەڕین بکات، تا مافەکانی کورد بە دەست بهێنێت، خەڵکی کوردستان باش دەزانن، پارتی ئەو حزبەیە کە پەرلەمانتارەکانی لە بەغدا تەنیا شەڕ بۆ مافە ڕەواکانی گەلەکەیان دەکەن، هیچ کارێکی دیکە ناکەن و وەك ئەوانی دیکە نەبوونەتە کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەران، زۆرینەی دەنگدەرانی کوردستان ئەو ڕاستییانە و دەیان ڕاستیی دیکەش باش دەزانن، بۆیە دەنگ بە کاندیدانی لیستی پارتی دەدەن، تۆی دەنگدەریش ئەگەر هێشتا خۆت یەکلا نەکردۆتەوە، بێخەم بە و دەنگ بە لیستی پارتی بدە، دڵنیابە ئایندەی هەرێمی کوردستان بە سەرکەوتنی پارتییەوە گەشتر دەبێت، دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان واتە دەنگدانە بە بەدەستهێنانی ماف و تەواوی ئاستەکانی ژیان، داوا لە خەڵك دەکەم ئەو پارتە شۆڕشگێڕە هەڵبژێرن، تا داهاتوویان مسۆگەر بێت.

### ڕێبوار ئیسماعیل شێخ بزێنی:

## بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم چونکە کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی کوردستانە



ئەگەر بە ویژدانەوە حوکم بدەین، دەبینین تەنیا جەنابی سەرۆك دەتوانێت چارەسەری کێشەی عێراق بکات، هەر پێشمەرگەی کوردستان بوو کە ئەفسانەی داعشی تێك شکاند، هەر پێشمەرگە بوو هەموو شەڕەکانی کوردستانی کرد، سەرۆك بارزانی بە لێزانینی خۆی توانی هەموو دونیا بێنێتە کوردستان، سەیری هەولێر بکەن لەو پەڕی ئەمان و ئارامی و پێشکەوتندایە، بەڵام دوژمنان چاویان بە خۆشی و کامەرانی هەولێر هەڵنایەت، نەیاران ماوە ماوە کێشەمان بۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەم خاکە لەدەستێکی ئەمیندایە و بەو هەوڵە نەزۆکانە لاواز نابێت، هەرێمی کوردستان لە سایەی پارتییەوە بۆتە پێگەیەکی بەرز بۆ پەیوەندیی دیپلۆماسی و تێگەیشتن و گفتوگۆکان، تەنانەت زۆربەی کێشەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکرێن، کاریزمایی جەنابی سەرۆك وایکردووە کە هەموو لایەك بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئەم ناوچەیە ڕووی تێ بکەن، بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە تاکە پارتە کە توانیویەتی بە درێژایی دەیان ساڵ، داکۆکی لە کورد و مافەکانی بکات، لێرەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم کە دەنگیان بۆ پارتی بێت تا کوردستان زیاتر پێشکەوێت.







تجربة إقليم كوردستان في البناء والأعمار و توفير الخدمات تجربة ناجحة بكل المقاييس، لتكرار تلك التجربة لأبناء واسط الكرام، صوتوا لمرشحنا في مدينة الكوت

حيدر محمد علي




ئەسعەد خەیات:

## دەنگدەرانی کوردستان بۆچی دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن؟

لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە کە بەپێی دەستوور پەرلەمانی عێراق دامەزراوە، لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی یەکەمی کوردستان و لە ئاستی عێراقیشدا ئەگەر یەکەمیش نەبووبێت، لە سێ یەکەمینەکان بووە لە ڕووی ژمارەی کورسییەکانەوە، با لێرەوە بپرسین بۆچی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بەوجۆرە دەنگ بە پارتی دەدەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە، پارتی نەك هەر تەنیا حزبێکە و خاوەنی زیاتر لە حەفتاوپێنج ساڵ خەبات و قوربانیدانە لە پێناو کوردستاندا، بەڵکوو ئەو حزبەیە کە توانیویەتی لە نێو خۆڵەمێش و ناوچەیەکی تاریکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژیلەمۆیەکی گەش بێت و، هەرێمی کوردستانیش لە سایەی تیمی پارتیدا لە حکوومەت، ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت، پارتی ئەو حزبەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەك زەڕە لە کوردایەتی لای نەداوە و ئامادە نەبووە لەبەر هیچ هۆکارێك، دەستبەرداری دۆزی گەلی کوردستان بێت، پارتی خاوەنی شۆڕشەکانی گوڵان و ئەیلوول و خاوەنی داستانە مەزنەکانی کۆڕێ و پردێ و مەحموودیە و سحێلا و دەیان داستانی دیکەیە، بۆیە دەنگدەرانی کوردستان دەنگ بەو لایەنە دەدەن کە لە دوژمنان و تیرۆریستان دەیانپارێزێت. لە کوردستاندا نەتەوەکانی (کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، کلدان و ئەرمەن) دەژین، هەروەها موسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و شەبەك و چەندان ئایین و ئایینزای دیکە بە ئازادی مومارەسەی ئایینەکەی خۆیان دەکەن، بۆیە پێش کوردیش، عەرەب و مەسیحی و تورکمانەکان دەنگ بە پارتی دەدەن، چونکە ئەم حزبە بە بەشێك لە خۆیان دەزانن.


له هەر جێیەك
ئاوەدانی هەبێت،
ئـەوە پـارتـی
لـەوێ بـووە.
PK
بۆ داهاتوویێکی
باشترو
وڵاتێکی ئارام و
خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز
هەڵبژێرە...


پارتییەکان
بە پارتەکەیان
سەربەرزن.
بۆ داهاتوویەکی
باشترو
وڵاتێکی ئارام و
خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز
هەڵبژێرە...

Gulan Weekly September 20, 2021 Issue,No.1285

